بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ


# یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

بڵاوکراوەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەتە بە چالاکیەکانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

کانونی یەکەمی 2023ز


## یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان- مەکتەبی تەنفیزی

**بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان**

لە ساڵی رابردوو یەکێتی زانایان چەندین چالاکی جوراوجۆری لە بواری ئایینی و نەتەوەیی و نیشتمانی و پیشەیی ئەنجام داوە، لەرووی چالاکی و پەیوەندی و هەماهەنگیو پێشوازی شاندو سەردانو هەڵویست و فەتواو بڵاوکراوەو چاپکردنی کتێب و سازکردنی پانێڵ و سیمینارو دەرکردنی بەیاننامەو چارەسەری گرفتی زانایانو کاری رێکخراوەیی خزمەتی زۆری پێشکەش کردووە، لەبواری خزمەت و رەوشی دینداری و ئاشتی کۆمەڵایەتی و سەقامگیری کۆمەڵگەو پێکەوەژیانی ئایینی و ئاشتیانەو خزمەتی کوردستان درێغی نەکردووە.

ئەمەی بەردەست چەند لایەنێکی ئەو هەوڵ و هەنگاوە گرنگانەیە، وەك دیکۆمێنتو بەرچاوخستن و رێخۆشکردنێك بۆ کارو ئامانجی پتر دەیخەینە ڕوو، بەتایبەت بۆ خوێنەرانو زانایانی ئایینی قەدر گران.

**راگەیاندنی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان**









سەرۆک و جێگرو ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان – 2023 - خولی شەشەم



سەرۆك و جێگرو ئەندامانی مەكتەبی تەنفیزی و سەركردایەتی یەكێتی زانایانی ئاییینی ئیسلامی كوردستان 2023

# بەشێك لە پەیوەندیو هەماهەنگیو بەشداری کۆنگرەو کۆنفرانسو چالاکی هەمەلایەنە













* رۆژی 5ی1ی2023 بە ئامادەبوونی بەڕێز د.پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی و بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و د.زێندین مەولود بریکاری وەزارەت و کاک حاجی تەیب زرار بەڕێوەبەری گشتی ئەوقافی پارێزگای هەولێرو ژمارەیەکی بەرچاوو لە بەرپرسانی حزبی و حکومی و مامۆستایانی ئایینی و شێخانی تەریقەت و قوتابی و فەقێی ئایینی و کەسایەتی کۆمەڵایەتی، مەراسیمی بەخشینی بڕوانامەی زانستی کە لەلایەن بەڕێز مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی بەخشرایە بەڕێز کاك مەلا زیرەک گەردی و مەراسیمەکەش بەسەرپەرشتی بەڕێز مامۆستا مەلا دڵشاد گەڵاڵی پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی عومەری کوڕی خەتتاب لە شاری هەولێر بەڕێوە چوو.

* رۆژی 9ی1ی2023 بەڕێز د.عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکتێیی زانایان؛ بە یاوەریی مەلا عبداللە شێرکاوەیی ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان سەردانی دەزگای گوڵانیان کردو لەلایەن بەڕێز فەرهاد محەمەد سەرۆکی دەزگای گوڵان و ئەندامانی دەستەی نووسەران و بەڕێوەبەری کارگێڕی بەگەرمی پێشوازیان لێکرا.

* رۆژی 11ی1ی2023 بەڕێز د.عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە یاوەری بەڕێز د.عومەر مرۆ ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان سەردانی بەڕێز حاجی تەیب زرار شێروانی بەڕێوەبەری گشتی ئەوقافی پارێزگای هەولێریان کرد.

* لە 15ی1ی2023 بەئامادەبوونی بەڕێز د.پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی و د. عبداللە وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێرو د.دیار جباری راویژکاری وەزراەت و ومامۆستایانی بەڕێزی ئایینی و شێخانی تەریقەت و جەماوەری ئازیزی ناوچەکە، مزگەوتی فیردەوس لەشاری هەولێر کرایەوە.

* رۆژی 18ی1ی2023 بەڕێز د.عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە ئامادەبوونی مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و سەرکردایەتی و بەرپرس و کارگێرانی لقی هەولێری یەکێتی زانایان پێشوازیان لە شاندێکی باڵای ئەنجومەنی پیرانی موسڵمانان بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.محمد عبدالسلام ئەمێنداری گشتی ئەنجومەنەکە و شاندێکی یاوەری کرد.

* رۆژی 19ی1ی2023 بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە یاوەری مەلا عبداللە شێرکاوەیی ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی و مامۆستا مەلا رسول گەزنەیی کارگێری لقی سۆرانی یەکێتی زانایان چەندین دام و دەزگای ئیداری لە سنووری سۆران بەسەر کردەوە.

* رۆژی ٢٣ی١ی٢٠٢٣ شاندێکی باڵای مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان بە سەرۆکایەتی بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و یاوەری مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و د.حسن موفتی و د.عمر مرۆ و د.عرفان رەشیدو د.محمد نصر اللە و د.حسن خۆشناو و مەلا عبداللە شێرکاوەیی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی سەردانی شاری بەغدایان کردو چەندین دیدارو کۆبوونەوەیان لەگەڵ کەسایەتی و ناوەندە ئایینی و ئەکادیمیەکان ئەنجام دا، ئامانجی سەرەکی سەردانەکە بایەخدان بوو بە پەیوەندی نێوان دامەزراوەو مەرجەعە ئایینیەکانی عیراق و پتەوکردنی هەماهەنگی و تەئکید کردنەوەی پەیامی ئاشتی و میانڕەوی زانایانی کوردو قسەوگفتوگۆی پەیوەست بە مافی نەتەوەیی و دەستووری گەلی کوردو کارکردن لەسەر خاڵە هاوبەشەکان بۆ زیاتر ئاگا لێک بوون و یەکتر قبوڵکردنی نێوان پێکهاتەو مەزهەبەکان.

سەرەتا شاندەکە سەردانی کۆمەڵەی رابیتەی زانایانی عیراقی کردو لەلایەن بەرێز د. شێخ حامد عبدالعزیز شێخ حەمد سەرۆکی کۆمەڵەی ناوبراو و ئەندامانەوە بەگەرمی پێشوازی کران و لە دانیشتنێکدا وێڕای خۆشحاڵی دەربرین بە سەردانی شاندی یەکێتی زانایان باس لە رۆڵ و پێگەی زانایان کورد کرا، کە لە ماوەی رابردوو خزمەتێکی گەورەیان لەبواری ئایینی و نیشتمانی پێشکەش کردووەو لەکاتی تەنگانەش کوردستان دەرگای لە هەموو پێگهاتەکانی عیراق کردۆتەوە بێ جیاوازی ئایینی و نەتەوەیی و مەزهەبی، لە بەشێکی دیکەی دیدارەکە باس لەوە کرا کە پێویستە خاڵی هاوبەش بکەینە بناغەی هەنگاوی ئایندە نەک بەرەو ململانێ و ناکۆکی بمانبات ئەمەش خواستی ئیسلامە بۆ هەموو لایەکمان. دواتر شاندەکە سەردانی کۆربەندی فیقهی ئیسلامی گەورە زانایانی عیراقی کردو لەلایەن بەرێز دکتۆر شێخ ئەحمەد حسن تەها سەرۆکی کۆڕبەندەکە بەگەرمیەوە پێشوازی کرا.











* رۆژی 23ی1ی2023 شاندێکی باڵای مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان بەسەرۆکایەتی بەرێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان سەردانی بەرێز د. شاخەوان عبداللە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقیان کرد.

* رۆژی 24ی1ی2023 شاندێکی باڵای مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان بەسەرۆکایەتی بەرێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان سەردانی دیوانی وەقفی سووننی لە شاری بەغدا کردو لەلایەن بەرێز د. مشعان ئەلخەزرەجی سەرۆکی دیوانی وەقفی سووننەو هەردوو بریکاری دیوانی وەقفی سووننی بەرێزان د. محمد ساڵح رشاد و د. عمار أحمد بەگەرمییەوە پێشوازی کران.





* رۆژی 24ی1ی2023 شاندێکی باڵای مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان بەسەرۆکایەتی بەرێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان سەردانی بەرێز سەماحەتی ئایەتوڵڵا سەید حسین سەدر گەورە مەرجەعی شیعە لە شاری بەغدا کردو بەگەرمیەوە لەلایەن بەرێزیان پێشوازی کران.

* رۆژی 25ی1ی2023 شاندێکی باڵای مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان بەسەرۆکایەتی بەرێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان سەردانی دیوانی وەقفی شیعی لەشاری بەغدا کردو لەلایەن بەرێز د.ئیحسان جعفر بریکاری سەرۆکی دیوانی وەقفی شیعی و دەستەی سەرۆکایەتی دیوان بەگەرمی پێشوازی کران.





* رۆژی 26ی1ی2023 بەڕێز د.عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە ئامادەبوونی بەڕێز مامۆستا مەلا تەها خەیلانی جێگری سەرۆک و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی پێشوازیان لە بەڕێز ئانۆ جەوهەر وەزیری گواستنەوەو گەیاندن کرد.



* رۆژی 1ی2ی2023 بە سەرپەرشتی بەڕێز د.عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و ئامادەبوونی بەڕێز مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و سەرکردایەتی و بەڕێز تەیب زرار بەڕێوەبەری گشتی ئەوقافی پارێزگای هەولێرو مامۆستا سید سەدیق بەڕێوەبەری ئەوقافی هەولێرو مامۆستا سید موسی بەرپرسی لقی هەولێرو ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایانی ئایینی و فەقێ و قوتابیانی ئایینی لە مزگەوتی سەواف لە شاری هەولێر مەراسیمێکی یادەوەری و وەفا بۆ مەرحوم شەهید مەلا عبداللە پەلییتانی بەڕێوە چوو.



* رۆژی 1ی2ی2023 بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بەیاوەری بەڕێز مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و مامۆستا مەلا دلشاد گەڵالی و مەلا عبداللە شێرکاوەیی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و مامۆستا مەلا عماد مەلا فائز ئەندامی ئەنجومەنی باڵای فەتواو سەرکردایەتی یەکێتی زانایان لقی هەولێری یەکێتی زانایانی بەسەر کردەوە.



* لەبەرواری 12ی2ی2023 بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و مامۆستا سەید موسی بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتی زانایان و شاندێکی یاوەریان چەند مامۆستایەکی ئایینی لەسنووری پارێزگای هەولێر بەسەرکردەوە.



* رۆژی 15ی2ی2023 کۆبوونەوەی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان بەسەر سەرپەرشتی بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و ئامادەیی مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی لە شاری هەولێر بەڕێوە چوو. لەم کۆبوونەوەیە چەند پرسێکی گرنگی ئایینی و پیشەیی تاوتوێ کرا.



* رۆژی 15ی2ی2023 بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بەیاوەری بەڕێزان مامۆستا مەلا حەسن خۆشناو و مەلا عبداللە شێرکاوەیی بەشداری لە پانێلی رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتیەکان بەناونیشانی (رێگرتن لە جیاکاری و گوتاری رق لێبوونەوە) لە شاری هەولێر کرد.



* رۆژی 16ی2ی2023 شـــاندێکی دەزگـــای چـــرای رونـــاکی بەسەرپەرشـــتی بەڕێـــز دکتـــۆر شـــێخ ئەحـــمەد بالیســـانی ســـەردانی مەکتەبـــی تەنفیـــزی یەکێتـــی زانایـــانی کـــردو لەلایەن بەڕێـــز د. عبـــداللە مەلا وەیســـی ســـەرۆکی یەکێتـــی زانایـــان و مامۆســـتا مەلا جەلال خەیـــلان جێگـــری ســـەرۆک و ژمـــارەیەک لە ئەنـــدامانی مەکتەبـــی تەنفیـــزی یەکێتی زانایان بە گەرمیەوە پێشوازی کران.

* ڕۆژی 19ی2ی2023 بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە یاوەری هەر یەک لە بەڕێزان مەلا عبداللە شێرکاوەیی ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی و مامۆستا سید موسی باقلانی بەرپرسی لقی هەولێر سەردانی بەڕێز ئاریان سەلاحەدین بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانیان کرد.



* ڕۆژی 20ی2ی2023 بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە یاوەری شاندێکی یاوەری بەمەبەستی بەرزنرخاندنی ڕۆڵی هاوکاری و بەهاناوەچوونی زیانلێکەوتووانی بوومەلەرزەکەی باکورو ڕۆژئاوای کوردستان سەردانی دەزگای خێرخوازی بارزانی لە شاری هەولێر کرد.



* ڕۆژی 21ی2ی2023 بەڕێز د.عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بەیاوەری هەر یەک لە مەلا عبداللە شێرکاوەیی ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی و مامۆستا مەلا ئەمجەد کارگێڕی لقی هەولێری یەکێتی زانایان بەمەبەستی بەسەرکردنەوەو هەواڵپرسینی چەند مامۆستایەکی ئایینی سەردانی شاری سلێمانی کرد.



* ڕۆژی سێشەممە ٢١/٢/٢٠٢٣، بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک بەشداریان کرد لە کۆبونەوەیەکی ڕاوێژکاری لە پەرلەمانی کوردستان تایبەت بەبیرۆکەی ئامادەکردنی ڕەشنووسی یاسای" بەرەنگاربوونەوەی ووتاری رق و گینە"



* ڕۆژی 22ی2ی2023 بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە مەبەستی بەشداری کردن لە دیداری زانایانی ئیسلام بەناونیشانی (ملتقى علماء الاسلام تحت مظلة المبعث النبوي الشريف) لە شاری نەجەف کرد.



* ڕۆژی 28ی2ی2023 بە ئامادەبوونی بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و بەڕێز ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێرو بەڕێز د.کامەران یونس سەرۆکی زانکۆ سەلاحەددین و بەڕێز د. ادریس قادر حمدامین ڕاگری کۆلێژی زانستە ئیسلامیەکان و سپیکەری کۆنفڕانس پ.ی.د. عرفات کرم مصطفى ستونی و بەشداری ژمارەیەک لە ئەندامانی پەرلەمان و مامۆستایانی ئایینی و مامۆستایانی زانکۆو کەسایەتی ئەکادیمی و قوتابی زانکۆ لەشاری هەولێرو لە هوتێل دیدەمان کۆنفرانسێکی زانستی بەڕێوەچوو.



* لە 28ی2ی2023 بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە ئامادەیی بەڕێزان مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و د. عومەر مرۆ ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان پێشوازی لە بەڕێز ئیحسان عبدالرحمن بابان بەڕێوەبەری گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی و ڕەمزی سید کریم بەرپرسی کاروباری یاسایی بەڕێوەبەرایەتیەکە کرد.





* رۆژی 2ی3ی2023 بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە ئامادەبوونی بەڕێزان مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و د. عومەر مرۆ و د. حسن خۆشناو ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی پێشوازیان لە بەڕێز د. محمد عەجان ئەلحەدیدی ئەمینداری گشتی ئەکادیمیای جیهانی زانایانی تەسەوف و شاندی یاوەری کرد.



ئەمرۆ 6ی3ی2023 بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە ئامادەیی بەڕێز مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان پێشوازیان لە بەڕێز سەباح ئەلسالحی بەڕێوەبەری بنکەی کوردستانی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی و شاندێکی یاوەری کرد.



ئەمرۆ 6ی3ی2023 شاندێکی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان د. عومەر مرۆ و د. حسن خۆشناو و مەلا عبداللە شێرکاوەیی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی بە مەبەستی پرۆژەی پێشکەشکردنی سیمیناری ئایینی لەناو چاکسازییەکان، سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەلاتیان لە شاری هەولێر کردو لەلایەن بەڕێز ئیحسان بابان بەڕێوەبەری گشتی و ستافی هاوکاری پێشوازی کران.



* رۆژی7ی3ی2023 بەڕێز د.عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و بە یاوەری د.عومەر مرۆ ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی و مامۆستا رعد ئۆمەر بلی سەردانی قەزای شەقلاوەی کرد.



* لە 13ی3ی2023 بە ئامادەبوونی بەڕێز د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی و بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی یزانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان و ژمارەیەک لە بەرپرسانی حزبی و حکومی و کەسایەتی و مامۆستایانی ئایینی؛ مزگەوتی حاجی یاسین لە گەرەکی کورانی نوێ لە شاری هەولێر کرایەوە.



* لە 15ی3ی2023 بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان لەمیانی سەردانەکەی بۆ لقی سۆرانی یەکێتی زانایان؛ رێزلێنانی یەکێتی زانایانی بەخشیە بەڕێز مامۆستا مەلا ملحم محمد ساڵح کارگێری لقی سۆرانی یەکێتی زانایان.

* رۆژی 15ی3ی2023 بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بە یاوەری هەریەک لە د. دلشاد گەڵاڵی و مەلا عبداللە شێرکاوەیی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی؛ لە سنووری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران و قەزای چۆمان چەندین سەدان و دیداری ئەنجام دا.





* رۆژی 20ی3ی2023 بەسەرپەرشتی بەڕێز د.عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و ئامادەیی مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و سەرکردایەتی؛ کۆبوونەوەیەکی راوێژکاری بە ئامانجی دانانی چەند بەرنامەیەکی تایبەت لە ئایندەی کاری پیشەیی و بانگەوازی بەڕێوە چوو.

* رۆژی 27ی3ی2023 بە ئامادەبوونی بەڕێز د.عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و بەڕێز ئیحسان عبدالرحمن بابان بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی، یەکەمین ڕێککەوتنی هاوبەش لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی و یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان ئەنجامدرا.





* رۆژی 10ی4ی2023 بەسەرپەرشی بەڕێز د.عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان شاندێک لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و بەرپس و کارگێرانی لقی هەولێری یەکێتی زانایان، بەمەبەستی دووبارە بەشدارکردنەوەی پرسەی مامۆستا مەلا طیب بەحرکەیی و دڵنەوایی بنماڵەو کەس و کارو بەتایبەت مامۆستا مەلا طاهیر بەحرکەیی سەدانی بنەماڵەی ناوبراوی لە بەحرکە کرد.

* رۆژی 12ی4ی2023 بەڕێز د.عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بەیاوەری بەڕێزان مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و د.عومەر مرۆ و د.دلشاد گەڵاڵی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان، بەمەبەستی پیرۆزبایی دەست بەکاربوونی بەڕێز د.جەمیل عەلی ڕەسول وەک راگری کۆلێژی زانستە ئیسلامیەکان سەردانی کۆلێژی ناوبراویان لە شاری هەولێر کرد.





* رۆژی 13ی4ی2023 بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە ئامادەبوونی بەڕێزان مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و بەرپرس و کارگێرانی لقی هەولێری یەکێتی زانایان؛ پێشوازیان لە بەڕێز سەربەست لەزگین ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخستنی پارێزگای هەولێری(پ.د.ک)، شاندی یاوەری بەڕێزان ئاری نانەکەلی و چیا هەرکی کرد.

















بسم الله الرحمن الرحيم
يرفع الله الذين ءامنوا منكم والذين أوتوا العلم درجت والله بما تعملون خبير
سورة المجادلة
واعتصموا بحبل الله جميعا ولا تفرقوا

*** ئێوارەی رۆژی 18ی4ی2023 رێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم ئێوارەخوانێکی تایبەتی بۆ ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایانی ئایینی دەڤەرە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان بە بەشداری بەرێزان مستەفا سەید قادر جێگری سەرۆکی هەرێم و د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی و د.عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان رێکخست.**

رێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وێرای ستایشی رۆڵی مامۆستایانی ئایینی لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی ئایینی میانڕەوی و بڵاوکردنەوەی گیانی خێرو چاکەخوازی و پاراستنی خەڵکی کوردستان لە کاریگەریی بیری توندڕۆیی، دووپاتیکردەوە، کە مامۆستایان لە شۆڕشەکانی رزگاریخوازی گەلی کوردستاندا، هەمیشە لە سەنگەری داکۆکیکردن لە مافی رەوای گەلەکەیاندا بوون و ئایین و نیشتمانپەروەرییان پێکەوە گرێداوە.

سەرۆکی هەرێم دووپاتنکردەوە، دەبێ بە گەشبینییەوە لە چارەسەربوونی کێشە ناوخۆیی و پرسە هەڵواسراوەکان لەگەڵ بەغدا بڕوانین، چونکە بێجگە لە پێکهاتن هیچ بژاردەیەکی دیکە لەبەردەم لایەنەکاندا نییە و لەگەڵ بەغداش لەسەر رێگەی رێککەوتن و لەیەکگەیشتنین.













* ڕۆژی 26ی4ی2023 بەڕێز د.عبدالله مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە ئامادەیی مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و سەرکردایەتی یەکێتی زانایان پێشوازی لە قەداسەتی پاتریاک مار ئاوای سێیەم پاتریاکی کەنیسەی ڕۆژهەڵاتی ئاشووری لەجیهان و شاندێکی یاوەری کرد، کە بە مەبەستی پیرۆزبایی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆز لە موسڵمانان و زانایانی ئایینیەوە هاتبوون.




* لە 28ی4ی2023 بەڕێز د. ئەنەس محمد شەریف دۆسکی ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان لە شاری وانی وڵاتی تورکیا بەشداری لە کۆنگرەیەک بەناونیشانی (شێخ ئەحمەدی جزیری و میراتە ڕۆشنبیرییەکەی) کرد.



* ڕۆژی 6ی5ی2023 لە ژێر چاودێری بەڕێز د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی و بە بەشداری بەڕێز د. عبدالله مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و ژمارەیەک لە بەرێوەبەرو بەرپرسی حکومی و حزبی و کەسایەتی و شێخانی تەریقەت و مامۆستایانی ئایینی و فەقێ و قوتابیانی ئایینی مەراسیمی بەخشینی بڕوانامەی زانستی لە کۆمەڵگەی شاوێس بەڕێوە چوو، کە لەلایەن بەڕێز مامۆستا مەلا ئەبوبەکر ئاقوبانی بەخشرایە بەڕێز مامۆستا عبدالباسط مەلا ئەحمد مەلەکی.



* ڕۆژی 7ی5ی2023 بەڕێز د. عبدالله مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە ئامادەیی مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و سەرکردایەتی و ئەنجومەنی باڵای فەتوا پێشوازیان لە شاندێکی موفتی و زانایانی وڵاتی ڕوسیا بەسەرۆکایەتی شامل سەمیحوڵڵاو یاوەری شاندێکی زانایانی کۆربەندی فیقهی ئیسلامی لە عیراق کرد.



* ڕۆژی 10ی5ی2023 بەڕێز د.عبدالله مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و بە ئامادەیی مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی پێشوازیان لە لێژنەی ئەوقافی پەرلەمانی عیراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.مەحمود مەشهەدانی سەرۆکی لێژنەی ئەوقاف لەپەرلەمانی عیراق کرد.



* ڕۆژی 16ی5ی2023 بەڕێز د.عبدالله مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە یاوەری مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و بەرپرس و کارگێرانی لقی هەولێر بەمەبەستی پیرۆزبایی دەستبەکاربوون سەردانی بەڕێز عەمید شوان عارەب بەرێوەبەری پۆلیسی هەولێریان کرد.

* رۆژی ٢٨ی٥ی٢٠٢٣ به سەرپەرشتی بەڕێز د. عبدالله مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و ئامادەبوونی مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و ئەنجومەنی ناوەندی کۆبوونەوەی فراوانی سەرکردایەتی یەکێتی زانایان لەبارەگای مەکتەبی تەنفیزی لە شاری هەولێر بەڕێوە چوو.





* رۆژی 3ی6ی2023 بە ئامادەبوونی بەڕێز د. عبدالله مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و ژمارەیەک لە کارگێڕو ئەندامی لقی سۆرانی یەکێتی زانایان و مامۆستایانی ئایینی سنووری شارۆچکەی خەلیفان و دەورووبەری، ناوچەی خەلیفانی یەکێتی زانایان گەشتێکی بەهارەو دیدارێکی تایبەتی ڕێکخست.



* رۆژی 5ی6ی2023 بەڕێز د.عبدالله مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە ئامادەیی مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و د. حسن خۆشناو و مەلا عبدالله شێرکاوەیی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و مامۆستا مەلا محمد ئێنەیی ئەندامی ئەنجومەنی باڵای فەتوا، پێشوازیان لە سەماحەتی سەید ئەبولحەسەن نواب سەرۆکی زانکۆی ئایینیەکان و مەزاهیبی شاری قومی وڵاتی ئێران کرد.



* رۆژی 6ی6ی2023 شاندێکی باڵای مەکتەبی تەنفیزی بەسەرپەرشتی بەڕێز د. عبدالله مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانااین بە یاوەری مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و د. دلشاد گەڵاڵی ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی سەردانی لقی شەقڵاوەی یەکێتی زانایانیان کردو لە لایەن بەرپرس و کارگێڕو ئەندامانی لقی شەقلاوە بەگەرمیەوە پێشوازی کران.



* رۆژی 7ی6ی2023 بەڕێز د. عبدالله مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە ئامادەیی مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان پێشوازیان لە بەڕێز مامۆستا سەعید ئۆجێ سەرۆکی دامەزراوەی ئەستەنبۆڵ بۆ کاروباری رۆشنبیری و زانستی و شاندی یاوەری کرد.



ئەمڕۆ 7ی6ی2023 بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە ئامادەیی مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان پێشوازیان لە شاندێکی مامۆستای ئایینی شارە جیاجیاکانی کوردستان کە بە نوێنەرایەتی نزیکەی سەد مامۆستای ئایینی هاتبوون کرد.



* رۆژی 13ی6ی2023 بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە یاوەری مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و د. دلشاد گەڵاڵی و مەلا عبداللە شێرکاوەیی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی، لە دەڤەری راپەرین هەردوو لقی رانیەو پشدەری یەکێتی زانایانی بەسەر کردەوەو لە لایەن بەرپرس و کارگێرو ئەندامانی هەردوو لق بەگەرمیەوە پێشوازی کران.



* لە نێوان رۆژانی 11-13ی6ی2023 کۆنفرانسی گەشەپێدانی مرۆیی بە بەشداری زانایانی ئایینی و پیاوانی ئایینە جیاوازەکان لە شارەکانی وەک بەسراو بەغداو واسط و ناصریەو کەربەلاو دیالاو موسڵ و کەرکووک و دهۆک و سلێمانی و هەولێر، بەناونیشانی (رۆڵی سەرکردە ئایینیەکان لە گۆڕینی هەڵسوکەوتی کۆمەڵگا) بەڕێوە چوو.



*رۆژی 18ی6ی2023 بە ئامادەبوونی بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم و ئامادەبوونی بەڕێز د.پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی و ژمارەیەکی زۆر لە وەزیرو پەرلەمانتارو کونسولی وڵاتان و نوێنەری ئایینەکان و مامۆستایانی ئایینی و کەسایەتی و رۆشنبیرو ئەکادیمست، لە رۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی وتاری رق و کینە، لە هەولێر کۆنفرانسی (کوردستان لانکەی پێکەوەژیانی ئاشتیانە) بەڕێوە چوو.




* رۆژی 21ی6ی2023 بەڕێز د.عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە ئامادەیی مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان، پێشوازیان لە بەڕێز د.پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی و زێندین مەولود بریکاری وەزارەت و د.دیار جەباری راوێژکاری وەزارەت کرد.



* رۆژی 26ی6ی2023 هەردوو بەڕێزان د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی و د.عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان؛ بەئامادەبوونی کاک طیب زرار بەڕێوەبەری گشتی ئەوقافی پارێزگاری هەولێرو کاک نجم عبداللە بەڕێوەبەری ئەوقافی دەوروبەرو ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایانی ئایینی و بەرپرسانی حکومی و کەسایەتی کۆمەڵایەتی بەشداری کردنەوەی مزگەوتی رسول اللە لە ناحیەی دارەتوو لە سنووری ئەوقافی دەوروبەر کرد.

* رۆژی 2ی7ی2023 بەڕێز د.عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە ئامادەیی مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و سەرکردایەتی یەکێتی زانایان پێشوازی لە شاندێکی مەترانەکانی مەسیحی کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان: مەتران بەشار متی وردە سەرۆکی ئەساقیفەی هەولێری کلدانی و، مەتران نیقودیموس داود سەرۆکی ئەساقیفەی سریانی ئۆثۆدکس لە کوردستان و موسڵ و کەرکوک و، مەتران ابرس یوخنا مەترانی کەنیسەی ڕۆژهەڵاتی ئاشوری و مەتران نثنائیل نزار مەترانی کەنیسەی سریانی کاسۆلیک لە کوردستان و، خالد جەمال ئەلبێر بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مەسیحیەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و، امیل اسطیفان ملحم ڕاوێژکاری وەزری ئەوقاف و مامۆستا فەهمی صلیوە بەڕێوەبەری پەروەردەی دەوروبەر کرد، کە بەمەبەستی پیرۆزبایی جەژنی قوربان لەموسڵمانان و زانایانی ئایینیەوە هاتبوون.











* رۆژی 5ی7ی2023 بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە ئامادەبوونی مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی، پێشوازیان لە بەڕێز پ.د.جمیل عەلی سورچی ڕاگری کۆلێژی زانستە ئیسلامیەکانی زانکۆی سەلاحەدین شاندی یاوەری دکتور ئەحمەد سەیدەو د.عمران مزوری و مامۆستا احمد گرتکی کرد.

*رۆژی 12ی7ی2023 بەڕێز د.عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و شاندێکی یاوەری سەردانی بەڕێز ئایدن مەعروف وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان کرد.

*رۆژی 17ی7ی2023 بەڕێز د.عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە ئامادەیی بەڕێزان د. عومەر مرۆ ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی و مامۆستا مەلا محمد ئێنەیی ئەندامی ئەنجومەنی باڵای فەتوا پێشوازی لە هەر یەک لە بەڕێزان مامۆستا مەلا عبدالمعید ئاکرەیی بەرپرسی لقی ئاکرێی یەکێتی زانایان و مامۆستا جوهر حدی بەڕێوەبەری ئەوقافی ئاکرێ و شێخ مدثر بەرزنجی بەڕێوەبەری ئەوقافی بەردەڕەش کرد.

* رۆژی 20ی7ی2023 بەڕێز د.عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە ئامادەیی بەڕێز مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و دکتور عومەر مرۆ ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی پێشوازیان لە شاندێکی پارتی هودا پار بەسەرۆکایەتی بەڕێز عبدالصمد یالتسن بەرپرسی نوسینگەی هەولێری پارتی ناوبراو کرد.



* یەکێتی زانایان یەکێ لە ئامانج ستراتیژییەکانی بریتــی بــووە لە بــرەودان بە قــوڵکردنەوەی پەیوەنــدی نێــوان پێکهاتەکــان و ڕاگرتنــی پێکەوەژیـانیی ئـایینی و نەتەوەیـی لە هەرێمـی کوردســتان، بــۆیە بەردەوام لەهەمــاهەنگی و پەیوەنــدی  دابــووەو لەم پێنــاوەش چەنــدین کەســایەتی دیـاری نێـو پێکهاتەکـان سـەردانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتـی زانایانیـان کـردووەو پــێکەوە گفتوگــۆی تێــرو تەســەل  کــراوە بــۆ پاراستنی سەقامگیری ئایینی لە کۆمەڵگەدا..










* ڕۆژی 25ی7ی2023 بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی بە یاوەری بەڕێزان مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و د.عومەر مرۆ و د. ئەنەس محمد شریف دۆسکی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و د.جیهاد بێسفکی بەرپرسی لقی دهۆکی یەکێتی زانایان؛ بە مەبەستی سەردان و بەسەرکردنەوەی چەند دام و دەزگایەکی سنوورەکە سەردانی شاری ئامێدیان کرد.




* لە 25ی7ی2023 بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی بە یاوەری بەڕێزان مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و د.عومەر مرۆ و د. ئەنەس محمد شریف دۆسکی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و د.جیهاد بێسفکی بەرپرسی لقی دهۆکی یەکێتی زانایان؛ بە گەنگەشەی چەند پرسێک لەگەڵ بەڕێز د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی کۆبوونەوە.



* بەرواری 13ی8ی2023 بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان پێشوازی لە بەڕێز نجم عبداللە بەڕێوەبەری ئەوقافی دەوروبەرو شاندێکی یاوەری کرد.




* سێشەمبی 2023/8/22 ڕێورەسمێن دوماهیك ئینانا خولا ڕاهێنانا گوتاربێژان ئەوا هاتیە ڕێکخستن ل ژێر چاڤدێریا بەڕێز( دکتور پشتیوان صادق) وەزیرێ ئەوقاف و کاروبارێن ئاینی ل هەرێما کوردستانێ.



* لە 24ی8ی2023 بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە یاوەری هەر یەک لە بەڕێزان د.عومەر مرۆ و د. دلشاد گەڵاڵی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و مامۆستا سەید موسی باقلانی بەرپرسی لقی هەولێرو ژمارەیەک لە کارگێرانی لق، سەردانی هەدوو بەرێوەبەرایەتی ئەوقافی هەولێرو ئەوقافی دەوروبەر کرد.



* ڕۆژی 29ی8ی2023 بەڕێز د.عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە یاوەری بەڕێزان مامۆستا سید موسی باقلانی بەرپرسی لقی هەلێرو مامۆستا مەلا ئەمجەد کارگێری لق، سەردانی بەڕێز حاجی تەیب زرار شێروانی بەڕێوەبەری گشتی ئەوقافی پارێزگای هەولێریان کرد.



* ڕۆژی 29ی8ی2023 بەڕێز د.عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە ئامادەیی بەڕێزان مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و د.عومەر مەلا حسن مرۆ و مامۆستا مەلا حسن خۆشناو ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان، پێشوازیان لە بەڕێز مامۆستا فارس جەوهەر بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی و مامۆستا مەلا رعد ئۆمەربلی بەڕێوەبەری پشکنین و مزگەوتەکان کرد.







* رۆژی 7ی9ی2023 بەرێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان لە بارەگای مەکتەبی تەنفیزی، پێشوازی لە بەرێز د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی و شاندێکی یاوەری کرد.

* رۆژی 14ی9ی2023 بەرێز د.عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە یاوەری بەرێزان د.حسن موفتی و د.حسن خۆشناو ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و مامۆستا سید موسی باقلانی بەرپرسی لقی هەولێرو مامۆستا سید موئەیەد کارگێری لق، سەردانی بەرێوەبەرایەتی گشتی حەج و عومرەی کوردستانیان کرد.

* رۆژی 17ی9ی2023 بەرێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە سنوری پارێزگای دهوک لەگەڵ بەرێوەبەری ئەوقافی قەزاکان و بەرپرسی لقەکانی یەکێتی زانایان کۆبوونەوە.

* رۆژی 21ی9ی2023 بە ئامادەبوونی بەرێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و سەرکردایەتی و بەرپرس و کارگێرانی لقی هەولێری یەکێتی زانایان لەبارەگای مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان مەراسیمی پێشوازی لە میوانان بە بۆنەی 53یەمینساڵیادی دامەزرادنی یەکێتی زانایان بەرێوە چوو، کە ژمارەیەک ئێجگار زۆر لە بەرپرسانی حکومی و حزبی و شێخانی تەریقەت و مامۆستایانی ئایینی و کەسایەتی کۆمەڵایەتی و چین و توێژەکان بەشداریان کرد.























* رۆژی 27ی9ی2023 بە بەشداری بەڕێز د.عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بەبۆنەی یادی لە دایکبوونی پێشەوای مرۆڤایەتی و فەخری کائینات حەزرەتی محمد (د.خ)، بەئامادەبوونی ئومێد خۆشناو، پارێزگاری هەولێر و عەبدولرەحمان سدیق، سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێم، ئەندازەی پارک و باخچەکان بەهەماهەنگی ڕێکخراوی ئاڤیاری هۆشیاری ژینگەیی 1445 داریان لە دوورگە ناوەندیی شەقامی جووت سایدی گەڕەکی ڕاستی شاری هەولێر کە بە شەقامی کۆنی (هەولێر - کەرکوک) ناسراوە چاند.



* رۆژی 29ی9ی2023 بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە یاوەری مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و د.دلشاد گەڵاڵی ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی لە شاری نەجەف بەشداریان لە دووەمین کۆنگرەی ساڵانەی دامەزراوەی ئیمام حسین بۆ دیالۆگ و ئاشتی بەناونیشانی (ئازادی بیروڕاو پێکەوەژیانی هاوبەش) کرد، کە ئەمینداری عەتەبەی حوسەینیەو دامەزراوەی ناوبراو بەڕێز د.حسن رشید ئەلعبایجی و ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتی ئەکادیمی و ئایینی نێوخۆیی و دەرەوە تێیدا بەشدار بوون.



* رۆژی 30ی9ی2023 شاندێکی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان د.ئەنەس محمد شەریف دۆسکی و د.حسن خۆشناو بەشداریان کرد لە هەشتەمین دیداری (الملتقى الثامن للعلماء) کە لەلایەن دامەزراوەی یەکێتی زانایان و ناوەندە ئیسلامیەکان (هودا پار)ەوە لە شاری دیاربەکر بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە زانایانی ناوخۆو دەرەوە بەڕێوە چوو.



* رۆژی 7ی10ی2023 بەڕێز د.عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە یاوەری مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک، بەمەبەستی هەواڵ پرسینی تەندروستی بەڕێز شێخ عبدالجبار حەمدی ئەندامی لێژنەی فەتوای لقی زاخۆی یەکێتی زانایان سەردانی بەڕێزیانی لە شاری زاخۆ کرد.



* رۆژی 7ی10ی2023 بەڕێز د.عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە یاوەری مامۆستا رعد ئۆمەربلی بەڕێوەبەری پشکنین و مزگەوتەکان سەردانی مەکتەبی سیاسی بەرەی تورکمانی کردو بە گەرمیەوە لە لایەن بەڕێز ئایدن مەعروف وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان و ستافی مەکتەبی سیاسی بەرەی تورکمانی پێشوازی لێ کرا.









* رۆژی 8ی10ی2023 بەڕێز د.عبداللە مەلا وەیسی بە ئامادەیی بەڕێز مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و د.عومەر مرۆو د.حسن خۆشناو و د.دلشاد گەڵاڵی و مەلا عبداللە شێرکاوەیی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و مامۆستا مەلا عزیزی خەزنەیی ئەندامی ئەنجومەنی باڵای فەتوا پێشوازیان لە بەڕێز سەماحەتی سەید علی ئەلتالەقانی بانگخوازی دیارو ناودار لە نەجەف و شاندێکی یاوەری کرد.



* رۆژی 9ی10ی2023 لەسەر راسپاردەی بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان شاندێکی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان د. عومەر مرۆو د.حسن خۆشناو و مامۆستا مەلا محمد ئێنەیی و مەلا عبداللە شێرکاوەیی، بەشداریان لە دانیشتنێکی راوێژکاری رێکخراوی لێکۆلەر بۆ سەروەری یاسا لە هوتێل ڤان رۆیال لە شاری هەولێر کرد.



* رۆژی 11ی10ی2023 بەڕێـــــــــــــــوەبەرایەتی بەرەنگـــاربوونەوەی تونـــدوتیژی دژی ئافرەتـــان و خێزان/هەولێر بە هاوکاری رێکخراوی ئافرەتی پۆلاین و لقی هەولێری یەکێتـی زانایـان، لە مەراسیمێکی شایستەدا بڕوانـــامەی بە ( 45) مامۆســـتای ئـــایینی بەخشـــی کە بەشـداربوون لە خـولی بەرزکـردنەوە و بنیاتنـانی ئاسـتی زانیـاری مامۆسـتایانی ئـایینی دەربـارەی بەڕێـوەبەرایەتی بەرەنگـــاربوونەوەی تونـــدوتیژی دژی ئافرەتـــان و خێزان/هەولێر.



* رۆژی 12ی10ی2023 بەڕێـــز د. ئەنەس ممحمـــــد شریف دۆسکی ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئـــایینی ئیســـلامی بەشـــداری دانیشـــتێکی راوێژکـــاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی یاسایی و رامیاری کۆلێژی یاسـای زانکۆی دهۆک و رێکخـراوی ستێپ بـۆ دیموکراسـی و هەڵبژاردن لە شاری دهۆک کرد.



* لـە ٢٠٢٣/١٠/١٨ بەڕێز د. عبـداللە وەیسـی سـەرۆکی یەکێتـــی زانایـــانی ئیســـلامی کوردســـتان، بەشـــداری لە رێوڕەسمی کـردنەوەی مزگـەوتـی (حـاجی عبـداللە جەوان) لە گەڕەکی منارەی شاری هەولێردا کرد.




* رۆژی 22ی10ی2023 بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە یاوەری بەڕێز مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و د.حسن خۆشناو و د. دلشاد گەڵاڵی و مەلا عبداللە شێرکاوەیی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی، بەمەبەستی گەیاندنی پەیامی هاوخەمی بۆ گەلی فەڵەستین سەردانی قونسولگەری گشتی وڵاتی فەڵەستتین لە هەرێمی کردو لەلایەن بەڕێز نەزمی حوزوری قونسوڵی فەڵەستین بەگەرمی پێشوازی کران.









* رۆژی 22ی10ی2023 بەڕێز د.عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە یاوەری بەڕێز مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و د.حسن خۆشناو و مەلا عبداللە شێرکاوەیی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی، بە مەبەستی پیرۆزبایی دووبارە متمانە وەرگرتنەوەی بەڕێز شێخ عرفان علی عبدالعزیز وەک رابەری بزووتنەوەی ئیسلامی سەردانی بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستانیان کرد.
* رۆژی 23ی10ی2023 بەڕێز د.عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە یاوەری بەڕێز مەلا عبداللە شێرکاوەیی ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی، سەردانی زانکۆی جیهانی کردو لەلایەن بەڕێز د. نەوزاد یەحیا باجگر سەرۆکی دەستەی ئەمێنداریێتی زانکۆو پەیمانگاکانی جیهان و کۆمەڵێک لە مامۆستایانی زانکۆی ناوبراو بەگەرمی پێشوازی کرا.
* رۆژی 24ی10ی2023 بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان پێشوازی لە بەڕێز سوارە ئەکرەم قایمقامی قەزای چۆمان کرد.
* رۆژی 30ی10ی2023 بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە ئامادەیی بەڕێز مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و سەرکردایەتی پێشوازی لە بەڕێز محمد زوبڕی نەوەی مەلا ئەبوبەکر ئەفەندی سیساوەیی خۆشناو کرد کە بە یاوەری برایەکی و بەڕێزان دکتۆر سودادو مامۆستا فەتحی مودەریس بۆ دیدارو بەسەرکردنەوەی یەکێتی زانایان هاتبوون.

* رۆژی 31ی10ی2023 بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە ئامادەیی بەڕێز مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و سەرکردایەتی و ئەنجومەنی باڵای فەتوا، پێشوازی لەبەڕێز شێخ عومەر بەرزنجی بریکاری وەزارەتی دەرەوەی عیراق بۆ کاروباری یاسایی و پەیوەندییە فرە لایەنەکان کرد.



* رۆژی 31ی10ی2023 بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە ئامادەیی بەڕێز مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و د.حسن موفتی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای فەتواو ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و سەرکردایەتی و ئەنجومەنی باڵای فەتوا، پێشوازیان لە بەڕێز بەختیار حیدر سەرۆکی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان و شاندێکی یاوەری کرد.



* رۆژی 1ی11ی2023 بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە یاوەری بەڕێزان مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و د. حسن خۆشناو و مەلا عبداللە شێرکاوەیی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی؛ سەردانی پارتی بونیادی دیموکراتی کوردستان لە شاری هەولێر کردو بەگەرمیەوە لە لایەن هاوسەرۆک و ئەندامانی مەکتەبی سیاسیەوە پێشوازی کران.



* رۆژی 13ی11ی2023 بەڕێز د.عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە ئامادەیی بەڕێز مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و د.حسن خۆشناو ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی، پێشوازیان لە بەڕێز زێندین مەولود بریکاری وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی و بەڕێز مامۆستا فارس جەوهەر بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی کرد.





* رۆژی 15ی11ی2023 بەرێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە ئامادەیی بەرێز مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و د.حسن موفتی و د.عومەر مرۆو د.حسن خۆشناو و د.دلشاد گەڵاڵی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی، بە گەرمیەوە پێشوازی لە شاندێکی زانایانی کوەیت لە کۆمەڵەی کلتورپارێزی ئیسلامی کوەیتی کرد.




* رۆژی 22ی11ی2023 بەئامادەبوونی بەرێز د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی و بەرێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و ژمارەیەک لە بەرێوەبەرو بەرپرسی حکومی و حزبی و کەسایەتی و شێخانی تەریقەت و مامۆستایانی ئایینی و فەقێ و قوتابیانی ئایینی مەراسیمی بەخشینی بڕوانامەی زانستی لە سنووری قەزای شەقڵاوە گوندی حوجران بەرێوە چوو، کە لەلایەن بەرێز مامۆستا مەلا تەحسین خۆشناو بەخشرایە شەش مامۆستای بەرێز.



* رۆژی ٢٧ی١ی٢٠٢٣ بەرێز د.ئەنەس دۆسکی ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان بە نوێنەرایەتی مەکتەبی تەنفیزی بەشداری لە وۆرکشۆپیکی تایبەت بە راسپاردەکانی ئاشبوونەوەی نیشتمانی لەپارێزگای دهوک کرد.



* رۆژی 6ی12ی2023 بە ئامادەبوونی بەرێز د.پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی و بەرێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان و ژمارەیەک لە بەرپرسانی حزبی و حکومی و کەسایەتی و مامۆستایانی ئایینی؛ مزگەوتی (محەمەد ئەحمەد ئیسماعیل) لەگوندی -ماس فیولیج- لە شاری هەولێر کرایەوە.



* رۆژی 6ی12ی2023 یەکەم دانیشتنی لێژنەی باڵای بەدواداچوون بۆ کردنەوەی زانکۆیەکی ئیسلامی لە کوردستان بە بەشداری بەرێز د. حسن موفتی نوێنەری یەکتێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان و نوێنەری هەر یەک لە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی؛ سەبارەت بە گەنگەشەی رێکارە پێویستەکانی کردنەوەی زانکۆیەکی ئیسلامی لە کوردستان بەرێوە چوو.



* ڕۆژی 9ی12ی2023 بەئامادەبوونی بەڕێز د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی و بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک و بەڕێوەبەری گشتی ئەوقافی پارێزگای هەولێرو ژمارەیەک لە بەڕێوەبەرو بەرپرسی حکومی و حزبی و کەسایەتی و شێخانی تەریقەت و مامۆستایانی ئایینی و فەقێ و قوتابیانی ئایینی مەراسیمی بەخشینی بڕوانامەی زانستی لە ناحیەی دارەتوو لە مزگەوتی نەوزاد شاکر بەڕێوە چوو، کە لەلایەن بەڕێز مامۆستا مەلا دکتور حسن پشدەری بەخشرایە پێنج مامۆستای بەڕێز.



* ڕۆژی 10ی12ی2023 بەڕێز د. عبداللە مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان لە بارەگای مەکتەبی تەنفیزی بە ئامادەیی بەڕێزان د.حسن خۆشناو و مەلا عبداللە شێرکاوەیی؛ پێشوازی لە شاندێکی دامەزراوەی ئایینەکان کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان د. ئیلی هیندی سەرۆکی جێبەجێکاری دامەزراوەی ناوبراو بەڕێز عبدو سەعید بەڕێوەبەری نوسینگەی عیراقی دەمەزراوەی ئەدیان بەیاوەری بەڕێز مەریوان نەقشبەندی ئەندامی دەستەی راوێژکاری دەزگا کرد.



* ڕۆژی 19ی12ی2023 بەڕێز د. عبداللە وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان بە یاوەری بەڕێز مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆک؛ بەمەبەستی گەیاندنی پرسەو هاوخەمی بۆ کۆچی دوایی ئەمیری دەوڵەتی کوەیت خوالێخۆشبوو (شێخ نەواف ئەلئەحمەد ئەلجابر ئەلسەباح) سەردانی کونسوڵی گشتی کوەیت لە شاری هەولێر کرد.










الفجر
الشروق
الظهر
العصر
المغرب
العشاء
رأس الحكمة مخافة الله



## لەبواری دەرکردنی فەتواو روونکردنەوەی شەرعی و چالاکی زانستی






ئەنجومەنی باڵای فەتوای یەکێتی زانایان بەردەوام لە هەوڵی خزمەت و روونکردنەوەی بابەتەکان و هەڵوێستی شەریعەتی ئیسلامی لەهەمبەر پرس و پێشهاتەکان بڵاو کردۆتەوە، کە ئەمەش بۆتە جێی قەناعەت و ئارامی دەروونی موسڵمانان لەم رووەوە.

**لەم ساڵەدا چەندین وێرای سازدانی 11 کۆبوونەوەی فەرمی و 18 دانیشتنی نافەرمی،** فەتوای تایبەتی لەسەر بابەتە هەستیارەکان دەرکردووەو روانگەی شەریعەت و زانایانی پێشین لە چوارچێوەی مەزهەبی ئیمامی شافیعی بۆ رای گشتی و موسڵمانان روون کردۆتەوە، چونکە یەکێ لە کارە لەپێشەکانی یەکێتی زانایان، بایەخدانە بە پرسی فەتواو خزمەتکردنی هاوڵاتیان چ لەسەر ئاستی باڵا بێت یان لەرێی لێژنەکانی فەتوا لەسنووری سەرجەم لقەکانی یەکێتی زانایان، لێرەدا بەشێکی گرنگی ناونیشانی ئەو فەتوایانە دەخەینە روو، کە ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2023 دەری کردوون:

| ژ | ناونیشانی فەتوا بڵاوکراوەکان | بەرواری بڵاوبوونەوە |
|---|---|---|
| 1 | حوکمی کڕین و فرۆشتن بە قاچاغ | 2023/1/3 |
| 2 | دیاری کردنی ڕێژەی زەکات و سەرفیترەو فیدیەی ساڵی 1444هـ = 2023م | 2023/3/27 |
| 3 | حوکمی مەرجی پێبژاردن بەهۆی پەشیمانبونەوە"الشرط الجزائي" | 2023/4/17 |
| 4 | ئایا زەکات لە خشڵی ئافرەتاندا واجبە؟ | 2023/4/20 |
| 5 | **ئەنجامدانی سوننەتی قوربانی و پێویستی ڕەچاوکردنی ڕێنماییە تەندروستیەکان** | 2023/6/21 |
| 6 | حوکمی ئاڵوگۆر کردنی دراو لە ڕێگەی کارتی فەرمی بانکییەوە روون دەکاتەوە | 2023/7/9 |
| 7 | وکمی داڕشتەکانی کاری خێرخوازی | 2023/7/9 |
| 8 | حوکمی ڕێککەوتنی پزیشك لەگەڵ دەرمانخانە یان کۆمپانیاکانی دەرمان | 2023/9/4 |
| 9 | حوکمی مامەڵە کردن لەگەڵ کۆمپانیای فاستپەی | 2023/10/17 |
| 10 | حوکمی داڕشتەکانی پیشەی پارێزەری | 2023/10/24 |
| 11 | حوکمی وەرگرتنی کرێی ماندوبونی پارێزەرایەتی لە کەسی دۆڕاو لەدەعواکاندا | 2023/10/24 |

| | | |
|---|---|---|
| 12 | حوكمی دانانی مەرجی غەرامەی دواخستنی قیستی خانوبەرە | 2023/11/16 |
| 13 | حوكمی فێركردن و تێگەیاندنی پیتەكانی قورئانی پیرۆز بە زمانی ئاماژە | 2023/11/16 |
| 14 | حوكمی بەكارهێنانی فیزەكارتی یەكێك بۆ موعامەلات بە پارە | 2023/11/16 |
| 15 | حوكمي بەرنامەی (تحدی- پێشبركێ)ی نێو (Tiktok) لە روانگەی شەریعەتی ئیسلامەوە | 2023/12/4 |

**وێرای فەتوای فەرمی ئە نجومەنی باڵای فەتوا زیاتر لە 341 فەتواو وڵامی شەرعی بۆ چارەسەركردنی كێشەو گرفتە كۆمەڵایەتیەكانی خەڵك هەبووە.**


Journal Of the Iraqia University 64-1(30-11) November(2023)

ISSN(Print): 1813-4521 OnIine ISSN:2663-7502
Journal Of the Iraqia University
available online at: https://www.iasj.net/iasj/issue/2776

مجلة الجامعة العراقية
العراقية المجلات الأكاديمية العلمية
IRAQI Academic Scientific Journals

**أثر القواعد الأصولية والفقهية على فتاوى المجلس الأعلى للإفتاء جائحة كورونا أنموذجاً**

د. عبدالله سعيد ويسي

كلية العلوم الإسلامية- جامعة صلاح الدين - أربيل

The impact of fundamentalist and jurisprudential rules on the fatwas of the Supreme Council for Fatwa Corona virus is an example

Dr.. Abdullah Saeed Waise College of Islamic Sciences - Salaheddin University-erbil

Abdullah.waies@su.edu.krd


DOI 10.58564/MABDAA.62.2.2023.392

ملخص البحث

يهدف هذا البحث إلى بيان القواعد الأصولية والفقهية للفتاوى الصادرة عن المجلس الأعلى للإفتاء في إقليم كوردستان – العراق؛ المتعلقة بجائحة كورونا، وتوضيح أثرها على الأحكام الفقهية، لتكون الفتاوى الصادرة عن المجلس الأعلى للإفتاء المبيّنة للأحكام الفقهية التي تتعلق بالجائحة مؤصلة تأصيلاً علمياً دقيقاً فيسهل الرجوع إليها عند الحاجة، حيث إنّ ربط الفتاوى بالقواعد الأصولية و الفقهية يكسب الفرع الفقهي لتخريجه

* گۆڤاری (الجامعة العراقية) كە گۆڤارێكی زانستی و وەرزییەو زانكۆی عیراقیە دەری دەكـات، لە بەرگـی (64) ژمـارە (1) لەبەرواری 30ی11ی2023 توێژینەوەیەكی زانستی بەرێز د. عبدالله مەلا وەیسی سەرۆكی یەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی كوردستان بەناونیشانی: (أثـر القواعد الأصولية والفقهية علـى فتاوى المجلس الأعلى للإفتاء- جائحة كورونا أُنموذجًا) بە زمانی عەرەبی بڵاو كردەوە.
توێژینەوەكە زیاتر بە ئامانجی خستنەرووی ئەو رێسا ئوسوڵی و فیقهییانەیە، كە ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە فەتواكانیدا پشتی پێ بەستوون لە بابەتی نەخۆشی كۆرۆنا لە ماوەی رابردوودا، هەوڵیداوە بایەخی بنچینەو رێسای فیقهی لە گونجان لەگەڵ پێشهات و پرسە هاوچەرخەكان بەرچاو بخات.
لەم توێژینەوە بە وردی هەوڵدراوە كۆی ئەو هەنگاوانەی ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە چوارچێوەی كاری فەتواو گەڕانەوەیان بۆ ئەو رێسایانەی گەورە زانایان دایانناوە بۆ دەركردنی ئەو فەتوایانەی سەبارەت بە ڤایرۆسی كۆرۆنا دەریان كردووە روون بكاتەوە.





پەیامێکی دڵسۆزانە لە عاشورادا بۆ خەڵکی کوردستان بە گشتی و
کەسانێکی لەخشتە براوی بەناو ئەهلی تەریقەت بەتایبەت
"خەڵکانێکی بەناو ئەهلی تەریقەت لە ڕەفتارو
گوفتاریان هەژموونی تەشەییوعیان پێوە دیارە"
پ.د.حسن شێخ خالید موفتی


www.zanayan.org
ئەنجومەنی باڵای فەتوا:
"حوکمی مامەڵەکردن لەگەڵ
کۆمپانیای فاستپەی
ڕوون دەکاتەوە"
ڕاگەیاندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان
2023


ئەنجومەنی باڵای فەتوا
حوکمی لەباربردن-الإجهاض- لەڕوانگەی
فیقهی ئیسلامی ڕوون دەکاتەوە
www.zanayan.org
2023-6-22


ئەنجومەنی باڵای فەتوا
حوکمی ئاڵوگۆڕ کردنی دراو لە ڕێگەی کارتی فەرمی
بانکییەوە ڕوون دەکاتەوە
www.zanayan.org
2023-7-9


2023
ئەنجومەنی باڵای فەتوا:
- هەر مامەڵەیەك لە نێوان کۆمپانیاو پزیشکدا، یان لە نێوان تاقیگەو پزیشکدا، یان لە نێوان دەرمانخانەکان و پزیشکدا، لەسەر حسابی نەخۆش ئەنجام بدرێت حەرامەو دروست نییە.
- ساغ کردنەوەی دەرمانی ناپێویست، یان نەشتەرگەری و فەحس وتەشیعەی ناپێویست، غەش وفێڵ کردنە لە پیشەی پیرۆزی پزیشکی.
ڕاگەیاندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان
www.zanayan.org


دروستی بەکارهێنانی وشەی
( خـــودا ) لەجیاتی وشەی ( الله )
لە ئاخاوتن و نووسین و ئامۆژگاری و پەرستشەکاندا
توێژینەوەیەکی بەڵگەداری فیقهی بەراوردکارییە
نووسینی:
پ.د.حسن خالد مصطفى محمود موفتی
کوردستان
2023ز - 1444ك


بەرزو پیرۆز بێت یادی مەولوود
2023
ئەنجومەنی باڵای فەتوا:
خۆشحاڵی دەربڕینمان بە یادی لەدایکبوونی پێغەمبەرمان (درودی خوای لەسەر بێت)، کە ڕەحمەتە بۆ گشت جیهانیان، پابەند بوونە بە فەرمانی ئایەتی:
﴿قُلْ بِفَضْلِ اللَّهِ وَبِرَحْمَتِهِ فَبِذَٰلِكَ فَلْيَفْرَحُوا﴾
یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان
ڕاگەیاندنی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان
www.zanayan.org

# یەکێتی زانایان و بەیاننامە و هەڵوێستە ئایینی و نەتەوەیی و پیشەییەکان

* رۆژی 8ی2ی2023 لە پەیامێکدا یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بڕیاریاندا لە هەرێمی کوردستان وەک ئەرکێکی ئایینی و مرۆیی نوێژی مردوو لەسەر قوربانیانی بومەلەرزەکەی باکورو رۆژئاوای کوردستان بکرێت.
* رۆژی 10ی2ی2023 وەک پیشاندانی هاوخەمی و لەروانگەی هەستی ئایینی و ئینسانیەوە لەمزگەوتەکانی کوردستان (نوێژی مردوو- صلاة الغائب) لەسەر قوربانیانی بوومەلەرزەی باکورو رۆژئاوای کوردستان کراو نزای خێرو شیفای زوو چاکبوونەوە بۆ برینداران خوێندرا، هەروەها بانگەوازی کۆکردنەوەی هاوکاری و کۆمەکی بۆ زیانلێکەوتووانی بوومەلەرزەکە راگەیێندرا.






لە 12ی2ی2023 بە نوسراوێکی فەرمی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان کە لە سەرەتای ئەمساڵەوە ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی کردووە، سەبارەت بە دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو بۆ مامۆستایانی ئایینی خۆبەخش لە مزگەوتەکانی هەرێمی کوردستان.



یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان
مەکتەبی تەنفیزی
دیراسات و توێژینەوە

بسم الله الرحمن الرحیم

إتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان
المكتب التنفيذي
البحوث والدراسات

ژمارە / 22 بەروار / ٣ / ١ / ٢٠٢٣

بۆ / سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران _ سەرۆکایەتی دیوان
بابەت / مامۆستایانی ئایینی ( خۆبەخش )

لەبەر ئەوەی بۆ چەندین ساڵ دەچێت دامەزراندن راگیراوە، و ساڵانەش ژمارەیەکی بەرچاو لە (پێش نوێژ) و (پێش نوێژو وتارخوێن) کۆچی دوایی دەکەن بە پێی دوایین ئامار لە (٢٠١٩ - ٢٠٢٢) ژمارەی مامۆستایانی ئایینی لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان کە کۆچی دواییان کردووە (٢٦٣) کەس، وە رێژەیەکی زۆریش بەهۆی تەمەن خانەنشین کراون، و گرفتی کەمی میلاك لە مزگەوتەکان رۆژ بە رۆژ زیاتر دەبێت، وە شوێنە بەتاڵەکان بە مامۆستای ئایینی (خۆبەخش) و بەبێ مووچە پڕ دەکرێنەوە، هەرچەندە ئەم خۆبەخشانەش ماوە ماوە دیاریەکی (رەمزی) یان لە لایەن وەزارەتی ئەوقافەوە پێ دەدرێت بەڵام بەشی پێداویستی ژیانیان ناکات، و بە بەردەوامیش داوا لە یەکێتیەکەمان دەکەن بۆ دامەزراندنیان ج بە هەمیشەیی وەیا گرێبەست.
بۆ ئەم مەبەستە داواکارین کە بفەرموون بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە و دۆزینەوەی رێگا چارەیەکی گونجاو بۆ پڕکردنەوەی کەمی میلاکی مزگەوتەکانی هەرێمی کوردستان بە دامەزراندنی ژمارەیەك (پێش نوێژ) و (پێش نوێژو وتارخوێن) ج بە هەمیشەیی وەیا گرێبەست و بە ئالیەتێکی گونجاو.

لەگەڵ ئەوپەری رێزمان

مەکتەبی تەنفیزی
یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

وێنەیەك بۆ/
--- وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی _ نوسینگەی جەنابی وەزیر ... بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ رێز
--- نوسینگەی سەرۆکی یەکێتی زانایای ئایینی ئیسلامی کوردستان
--- سەرجەم لقەکانی یەکێتی زانایان ( لقی / دهۆك ) بۆ ئاگاداریتان
--- کارگێری

ناونیشان: هەولێر (٦٠مەتری) بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان
www.zanayan.org

لە نوسراوەکە ئاماژە بەوە کراوە، کە چەندین ساڵە دامەزراندن راگیراوەو ساڵانەش رێژەیەکی مامۆستایانی ئایینی کۆچی دوایی دەکەن و ژمارەیەک خانەنشین دەبن، ئەمەش وا دەکا گرفتی کەمی میلاک لە مزگەوتەکان رۆژ بە رۆژ زیاتر بێت، بە ناچاری دەبێ بە مامۆستایانی ئایینی خۆبەخش شوێنە بەتاڵەکان پڕ بکرێنەوەو ماوە ماوە بڕە هاوکاریەک لەلایەک وەزارەتی ئەوقافەوە بۆیان دابین دەکرێت بەڵام پێداویستیان پڕ ناکاتەوە.



*** یەکێتی زانایان وێڕای ئیدانەکردنی ڕووداوە دڵتەزێنەی شاری مێردین پەیامێکی هاوخەمی و ئیدانەکردنی بڵاوکردەوە**



شەوی 18ی1ی2023 لە رێگەی نسێبینی سەر هێرش کرایە سەر چەند هاوڵاتیەکی شاری دهۆک و بەداخەوە لە ئەنجامدا پێنج کەس شەهید بوون، بەو بۆنەوە یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان پرسەنامەیەکی هاوخەمی ئاراستەی ماڵباتی شەهیدان دەکات، ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

**بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان**

دوێنێ شەو لە سنووری نسێبینی سەر بە پارێزگای مێردین لە وڵاتی تورکیا، لە ئەنجامی هێرشکردنە سەر چەند هاونیشتمانییەکی هەرێمی کوردستان، بەداخەوە دواجار هەر پێنج هاونیشتمانیەکە کە بەمەبەستی وەرگرتنی چارەسەر چوونە تورکیا شەهید بوون، کە لەناویاندا مامۆستایەکی ئایینی بەناوی مامۆستا مەلا ئەحمەد جەلالەددین بوو، کارەساتەکە دڵتەزێنەو هەموومانی نیگەران و خەفەتبار کرد ڕووداوی لەم جۆرە چاوەڕوان نەکراوە، بۆیە لێرەوە بەتوندی ئیدانەی ئەم کردە نامرۆڤانەیە دەکەین و تکاشمان وایە لایەنی پەیوەندیدار رێکاری پێویست و یاسایی بەرامبەر بکەران بگرێتە بەرو تاوانباران بەسزا بگەیەنێت.

بەو بۆنەوە پرسەو هاوخەمی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی شەهیدان بە گشتی و کەس و کارو بنەماڵەی مامۆستا مەلا ئەحمەد جەلالەدین بەتایبەتی دەکەین، لە خوای گەورە داواکارین سەبرو ئارامی بە خزم و خانەوادەی شەهیدان بدات و هەر پێنج قوربان بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

انا لله وانا اليه راجعون

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

19ی1ی2023







*** یەکێتی زانایان پەیامێکی هاوخەمی بۆ قوربانیانی بومەلەرزەکەی باکورو رۆژئاوای کوردستان رادەگەیەنێت**

رۆژی 6ی2ی2023 بومەلەرزەیەکی بەهێز چەندین شاری لەهەردوو وڵاتی تورکیاو سوریا هەژاندو بەهۆیەوە قوربانیەکی زۆری گیانی و ماددی بەدوای خۆیدا هێنا، بەو بۆنەوە یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان پەیامێکی هاوخەمی بلاوکردەوە ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

**بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان**

لە ئەنجامی ئەو بومەلەرزەیەی بەرەبەیانی ئەمرۆ چەندین پارێزگای لە باکورو رۆژئاوای کوردستان هەژاندو بەهۆیەوە زیانێکی گەورەی لێ کەوتەوەو بەهەزاران کەس بوونە قوربانی، بەو بۆنەو لەروانگەی برایەتی ئایینی و ئینسانیەوە پرسەو هاوخەمیمان ئاراستەی زیانلێکەوتووان دەکەین و داوای شیفای بەخێر بۆ برینداران و پلەی شەهادەت بۆ قوربانیان دەخوازین، ئەمەش ڕووداوێکی سروشتی و

وانەیەکی گەورەیە بۆ بەخۆداچوونەوەو وازهێنان لە گوناهو تاوان و گەڕانەوە بۆ لای خوای باڵا دەست.
هاوکاری کردن و بەهاناوەچوونی خەڵکی لێقەوماو لەم جۆرە کارەساتانە خێرێکی مرۆیی و ئەرکێکی ئایینی گەورەیە، هەر لێرەشەوە سوپاسی حکومەتی هەرێم دەکەین کە بەزوویی و بەپێی توانای خۆی تیمی هاوکاری و هەڵوێستی بەهاناوەچوونی زیانلێکەوتووانی بومەلەرزەکەی راگەیاند، تکاشمان وایە خێرخوازان و دەوڵەمەندان هاوکارو پشتیوانی لێقەوماوانی ئەم کارەساتە بن.

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

6ی2ی2023

*** زانایانی ئایینی بەردەوامن لە پاڵپشتی کردنی کەمپینەکان بۆ کۆکردنەوەی کۆمەکی و هاوکاری بۆ قوربانیانی بوومەلەرزە**

دوای راگەیاندنی کەمپینی هاوکاری لە هەرێمی کوردستان بۆ زیانلێکەوتوواتی بوومەلەرزە لە باکورو رۆژئاوای کوردستان، یەکێتی زانایانی ئایینی لەسەرجەم شاروشارۆچکەکان و لەرێی لقەکانی یەکێتی زانایان بەردەوام لە هەوڵی پاڵپشتی کردنی کەمپینەکان و کۆکردنەوەی هاوکاری کۆمەکین بۆ کەس و کاری قوربانیانی بوومەلەرزەکە.

لەپەیامی هاوخەمی خۆیدا بەبۆنەی بوومەلەرزەکە لە رۆژی 6ی2ی2023 یەکێتی زانایان رایگەیاند: هاوکاری کردن و بەهاناوەچوونی خەڵکی لێقەوماو لەم جۆرە کارەساتانە خێرێکی مرۆیی و ئەرکێکی ئایینی گەورەیە.

رۆژی 8ی2ی2023 بەرێز د. عبداللە مەلا وەیسی لە پەیامێکدا رایگەیاند: هاوکاری کردنی ماددی و بەهاناوەچوونی لێقەوماوان و زیانلێکەوتووانی بوومەلەرزەکەی باکورو رۆژئاوای کوردستان ئەرکێکی ئایینی و ئینسانی و خێرێکی گەورەیە.

لە وتاری هەینی رۆژی 10ی2ی2023 مامۆستایانی ئایینی لە وتارەکانیان جەختیان لەوە کردەوە، کە پێویستە وەکو موسڵمان و کوردو هەستی بەرپرسیارێتی مرۆیی لەرێی خێرو کۆکردنەوەی هاوکاری یارمەتی کەس و کاری قوربانیان بدەین و بەخێرێکی گەورەی بزانین، هەر هەمان رۆژ لە کوردستان نوێژی مردوو بە غائیب لەسەر قوربانیانی بوومەلەرزە کراو دوعای شیفا بۆ برینداران خوێندرا.









*** یەکێتی زانایان: گرنگە ساڵیادی ئیسراو میعراج هاندەرێک بێت بۆ زیاتر چەسپاندنی بنەما ئایینی و ئەخلاقیەکان**




بە بۆنەی هاتنی 27ی رەجەب ساڵیادی شەورۆیی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) یەکێتی زانایان پەیامێک بڵاو دەکاتەوە، ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:
**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**
(سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَى بِعَبْدِهِ لَيْلًا مِنَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ إِلَى الْمَسْجِدِ الْأَقْصَى الَّذِي بَارَكْنَا حَوْلَهُ لِنُرِيَهُ مِنْ آيَاتِنَا إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ) الإسراء:1.
بە بۆنەی هاتنەوەی 27ی رەجەبی 1444کۆچی، ساڵیادی شەورۆیی پێغەمبەری سەروەرمان (درودو سەلامی خوای لەسەر بێت) پیرۆزبایی گەرممان ئاراستەی تەواوی موسڵمانان دەکەین، خوازیارین وێڕای دڵخۆشی و ئارامبوونەوەی دەروون، بە تێڕوانین لە واتاو دەرسەکانی ئەم یادە مەزنە، خەرمانێکی تازە لە پەرێزی ئیمان و پابەندی بە رێبازی ئیسلام و سوننەتی پێغەمبەر – درودی خوای لێ بێت- بێنینە کایەوە.
شەورۆیی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) ڕووداوێکی کەم وێنەو موعجیزەیەکی گەورە بوو، کە وەک دڵنەوایی لەسەر مەینەتی و لەدەستدانی خۆشەویستان و ڕێزگرتن لە هەوڵ و هەنگاوە بانگەوازییەکان، لەلایەن خوای گەورە بۆ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) ڕێکخرا.
گرنگە ئەم یادە مەدرەسەی وەرگرتنی وانەی ئیمانی و بەرچاوخستنەوەی پتری پایەو مەقامی پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت) بێت وەک هاندەرێک بۆ زیاتر چەسپاندنی بنەما ئایینی و ئەخلاقیەکان و ئامۆژگاری و پەندو پەروەردەو تەزکیەی نەفس و راستگۆی پابەندی بەرامبەر دین، بەتایبەت بۆ رۆژگاری ئێستا کە هەمووان لەپێناو گەشەی ئیمان و بەدەستهێنانی بەختەوەری و نزیکبوونەوە لە پاکی دەروونی و راستکردنەوەی هەڵەو پەڵەو کردارو رەفتاری نادروست، پێویستمان بە میعراجی رۆحە بۆ لای پەروەردگاری جیهان لەرێی پەیڕەوکردنی شەریعەت و سوننەتی حەزرەتی رەسولی ئەکرەمەوە.
جارێکی تر ئەم یادە بەرزو شکۆدارە پیرۆز دەکەین و لەخوای گەورە داواکارین بیکاتە مایەی خێر بۆ موسڵمانانی کوردستان.
یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان
17ی2ی2023م
26ی رجب 1444ک


بسم الله الرحمن الرحیم
ئێکەتیا زانایێن ئایینی ئیسلامی کوردستان
لــقێ دهــوکێ
ژمارە: ١٣
اتحاد علماء الدین الاسلامي في کوردستان
فــرع دهــوك
رێکەفتی: ١٩ / ٢ /٢٠٢٣
Union of Islamic Scholars of Kurdistan- Duhok Branch

بو : بەرێز فەرمانگەها داواکاریا گشتی لپارێزگەها دهوک زور بەرێز
بابەت : تومارکرنا سکالایێ

سلاڤێن خودێ لسەر وە بن:

خودێ تەعالا دقورئانا پیروز دا کەرەم دکەت بسم الله الرحمن الرحیم (إِنَّ الَّذِينَ يُؤْذُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ لَعَنَهُمُ اللَّهُ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَأَعَدَّ لَهُمْ عَذَابًا مُهِينًا) صدق الله العظیم سورەتا ( الاحزاب ) ئایەتا ٥٧
یابێگومانە مەکتەبا تەنفیزی یائێکەتیا زانایێن ئایینی ئیسلامی کوردستان ، نوینەرا ئایینێ ئیسلامێ یێ پیروزە ل هەرێما کوردستانێ ، وئەم وەکو لقێ دهوکێ ئێکەتیا زانایان ب توندی نەرازیبونا خو دیاردکەین لسەر وێ بێرێزیا وی کەسێ دبێژنێ (بەهزاد ئیبراهیم)یێ بەرنیاس بـ(بەهزاد مزیری) ئەنجامدای ، کو سڤکاتی یا د دەرحەقێ خوشتڤیێ خودێ محمد پێغمبەر (سلاڤێن خودێ لسەر بن) کری ، ژبەر کو ئەڤ نمونێن وەکی ڤی کەسی دبنە ئەگەرێ دووبەرەکیێ دناڤ رێزێن مللەتی مەدا، وئەڤ چەندە ب تەمامی دژی بەندێن رەشنڤیس ویاسایێن جێبەجێکارێن عیراقا فیدرال ، وهەرێما کوردستانێنە ، وئەڤ کارە گەفەکا دژوارە ، لسەر بنەمایێن ئاشتیێ وپێکڤەژیانا ئول ونەتەوا ، دیسا لناڤبەرا هەمی تەخ وجین وئایینادا ، وبوزانین هەتا ژمارەکا نوینەرێن ئایینێ ، یێن برا مەسیحیان ، بەرانەتا خو یا ژڤی کەسی داین .
لەورا ئەم وەکو لقێ دهوکێ ئێکەتیا زانایێن ئایینی ئیسلامی کوردستان سکالایێ تومار دکەین ، لسەر (بەهزاد ئیبراهیم) لبەرامبەر فەرمانگەها هەوەیێن هێژا ، هیڤیدارین ئەڤ سکالایە بێتە جولاندن وئەڤ کەسە بگەهیتە سزایێ خو ، دا کەسەکێ دی چاڤلێنەکەت سڤاکاتیێ ب چ ئایینا بکەت ، وئەم دئامادەینە بو هەر پێرابونەکا یاسایی لبەرامبەر دادگەهێ ، لدیماهیێ ب رژدی دوویات دکەین هیڤیدارین یا پێدڤی بێتە ئەنجامدان ، وخودێ پشتەڤانێ وە بیت .
لگەل رێزگرتنێ

هەڤپێچ :
دانەیەکا بەلگێت سڤکاتیا کەسانێ ناڤبری

د.جـهـاد دوسـکـی
بەرپرسێ لقێ دهوکێ
ئێکەتیا زانایێن ئایینی ئیسلامی کوردستان
٢٨/رەجەبێ /١٤٤٤ مشەختی
١٩/شوبات/٢٠٢٣ زایینی

وێنەک بو :
❖ مەکتەبا تەنفیزی یا ئێکەتیا زانایێن ئایینی ئیسلامی کوردستان بوزانین ، دگەل رێزگرتنێ .
❖ دوسەیا گشتی

emai :zanayenduhok@yahoo.com 0750 4619796

*** یەکێتی زانایان سکاڵای یاسایی لەسەر ئەو کەسەی سوکایەتیەکانی بەرامبەر موقەدەساتی ئیسلام کرد تۆمار کرد**

رۆژی 19ی2ی2023 دوای ئەوەی لەچەند پۆستێکدا سوکایەتی بە پێغەمبەرو موقەدەساتی ئیسلامی کردبوو، ئەمرۆ 19ی2ی2023 لقی دهۆکی یەکێتی زانایان سکاڵای لەسەر تۆمار کرد.لەسەر راسپاردەی سەرۆکی یەکێتی زانایان بەرێز د. عبداللە مەلا عیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان لقی دهۆکی یەکێتی زانایانی راسپارد بۆ بەدواداچوون و ئەنجامدانی کاری پێویست و گرتنەبەری رێکاری پێویست، دوای ئەوە بەرێز د.ئەنەس دۆسکی ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان و د. جیهاد بێسفکی بەرپرسی لقی دهۆکی یەکێتی زانایان بە وردی کاری پێویستیان ئەنجام داو ئەم سوکایەتیانەیان رەفز کردەوە.

*** لە پەیامێکدا بە بۆنەی هاتنی مانگی رەمەزان یەکێتی زانایان داوای لە حکومەت و لایەنی پەیوەندارو دەزگای ئیعلامی کرد تایبەتمەندی و رێزی ئەم مانگە لەبەر چاو بگرن**




بە بۆنەی هاتنەوە مانگی پیرۆزی رەمەزان یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان پەیامێکی پیرۆزبایی بڵاو دەکاتەوە، ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

**بسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ**

((يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ)) البقرة: ١٨٣

بە بۆنەی هاتنەوەی مانگی پیرۆزی رەمەزان، پڕ بەدڵ پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی سەرجەم موسڵمانان بەگشتیو خەڵکی کوردستان بە تایبەتی دەکەین.

مانگی رەمەزان روکنێکە لە ئەرکانەکان ئیسلام و خوای گەورە لە سەر موسڵمانانی فەرز کردووە، وەک دەرفەتێک بـۆ خواپەرسـتی و نـزاو لێبـوردەیی و پـاکبوونەوەو ئەنجامدانی کارو هەنگاوی خێرو چاکە، وە گەیشتن بە لـەزەتی ئیمـانیو نوێبـوونەوەی دەروون و دووبـارە دارشـتنەوەی لایەنـی رەفتـارو رەوشـت و بەهـا باڵاکـانو، بەرجەستەبوونی دروشمە ئایینیەکان لەناو کۆمەڵگەدا.

گرنگە لەپێناو رەزامەندی خواو هەستی دینداری و تاعەتکردن، بە خۆشحاڵی و نیەت و ئیخلاسەوە لە پێشوازی و خزمەتی مانگی قورئانی پیرۆز دابین و، نزای خێرو سەلامەتی و لەخوای گەروە بخوازین، لەم سۆنگەوە وەک هەمیشە چاوەڕوانیمان هەیە لە مامۆستایانی بەرێزی ئایینی ئەرک و خزمەتێکی شایستە بەرامبەر مزگەوت و موسڵمانان بنوێنن.

خوازیارین حکومەت و لایەنی پەیوەندار؛ تایبەتمەندی و رێزی ئەم مانگە لەبەر چاو بگرن، هەروەک دەخوازین لە دەزگاکانی راگەیاندن وێرای خزمەتکردن بە بەرنامەی ئایینی رەچاوی هەستی موسڵمانان بکەن و گیانی تەبایی و برایەتی بڵاو بکەنەوە، برا بازرگان و دوکاندارەکانیش رەچاوی گەورەیی ئەم مانگەو گوزەرانی خەڵک بکەن و ئیستغلالی بازاڕ لەرێی گرانکردنی کاڵاو خواردەمەنیەکان نەکەن.

جارێکی تر پیرۆزبایی لەگشت لایەك دەکەینو، ئومێدەوارین مانگی رەمەزان ببێتە مایەی خێرو خۆشی بۆ تێکڕای موسڵمانان بەگشتیو گەلی کورد بەتایبەتی.

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان
22ی ئـاداری 2023 زایـــنی
30ی شەعبانی 1444 هیجری
2ی نەورۆزی 2723 کوردی

*** یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان لەگەڵ هاتنەوەی جەژنی رەمەزانی پیرۆز وەک هەستی بەرپرسیارێتی و پەرۆشی بۆ دۆخی ئێســتای کوردســتان داوایەکــی ئاراســتەی ســەرجەم لایەنە سیاسیەکانیش دەکات..**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

(وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا وَاذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ) آل عمران: 103.

لەگەڵ هاتنەوەی جەژنی پیرۆزی رەمەزان، پیرۆزباییەکی گەرم

ئاراستەی سەرجەم موسڵمانان دەکەین، لەخوای گەورە داواکارین تاعەت و رۆژوو و خواپەرستی هەموو لایەک قەبوڵ بێ و، ئەم جەژنە بکاتە مایەی خێرو خۆشی بۆ گەلانی جیهان و گەلی کورد بە تایبەتی.
جەژن دەربڕینی شادی و بڵاوکردنەوەی ئاشتی و لێبوردەیی و ئارامی و پتەکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و رێزگرتن و پاداشتە لەسەر ئەنجامدانی کارو کردەوەی خێرو خواپەرستی لە رەمەزاندا.
لەم سۆنگەوە بە پێویستی دەزانین بەناوی سەرجەم زانایانی ئایینی لە کوردستان داوا لەتەواوی لایەنە سیاسیەکان بکەین، کە جەژن بکەنە دەرفەتێکی گرنگ و موژدەبەخش بۆ راگەیاندنی ئاشتەوایی نیشتمانی و دانیشتن لەسەر مێزی گفتوگۆ و کۆتایی هێنان بەم دۆخە چەقبەستووە سیاسیەی دروست بووە، بۆ ئەوەی بێتاقەتی خەڵک لەم دۆخە کەمبکەنەوەو گرژییەکان نەهێڵن، لە چوارچێوەی بەهای نیشتمانی و نەتەوەیی و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی هەوڵی چارەسەرکردنی گرفتەکان بدەن، بەدڵنیاییەوە بەهێزبوون و سەرکەوتن لە یەکگرتن و تەبایی و سەقامگیری نێو ماڵی کوردایە، بە تەجرەبەش دەرکەوتووە ئەگەر کورد یەک بێت دەسکەوتی گەورە بەرهەم دێت، بەڵام لە ناکۆکی و پەرتەوازەیی هەنگاوەکان بەرەو پێش نابەن و شپرزەیی و چەقبەستوویی زیاد دەکەن و دواجار زیانی گەورە بەر کوردو کوردستان دەکەوێت.
لە کۆتاییدا بە پێویستی دەزانین سوپاسی تایبەتی تەواوی مامۆستایانی ئایینی بکەین، کە خزمەتێکی گەورەیان پێشکەش کرد، هەروەها پێزانینی زۆرمان بۆ سەرجەم موسڵمانان و دام و دەزگا حکومیەکان بۆ رێزگرتن لە پیرۆزی ئەم مانگە، وە دەستخۆشی زۆریش بۆ خێرخوازان و دەزگا خێرییەکان، کە بە کۆمەک و یارمەتیدان خزمەتێکی زۆریان پێشکەش کردو زۆر ماڵی هەژاریان رووناک کردەوە.
جارێکی تر پیرۆزبایی خۆمان ئاراستە هەموولایەک دەکەین و خوای گەورە مانگی رەمەزانی لەهەمووان قەبوڵ کرد بێت.

مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

20ی4ی2023

*** یەکێتی زانایان بەتوندی ئیدانەی هێرشکردنە سەر مزگەوتی (الرحمن) لە شەنگال دەکات**




دوای ئەوەی ئێوارەی دوێنێ هەواڵ و ڤیدیۆی هێرشکردنە سەر مزگەوتی (الرحمن) لە شەنگاڵ بڵاو بوویەوە، یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بەدواداچوونی وردی بۆ دۆخەکەو چۆنیەتی رووداوەکە کردوەو لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان لەسەر خەت بووە، هەر بەم بۆنەوە بەیاننامەیەکی ئیدانەکردنی بڵاوکردەوە، ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:
بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان
رۆژی پێنجشەممە 27ی4ی2023 لەلایەن چەند کەسێکی دانیشتووی شەنگال هێرش کرایە سەر مزگەوتی (الرحمن) و کاردانەوەی خراپی بەدوای خۆیدا هێنا.
ئێمە لە یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بە توندی ئیدانەی ئەو جۆرە هێرش و سوکایەتی و کارە تێکدەرانەیە دەکەین، چونکە مزگەوت شوێنی خواپەرستی موسڵمانانەو هیچ کەس و دەستێک بۆی نیە لەژێر هەر پاساوو ناوێک بێت سوکایەتی پێ بکات، پێویستە ئیدارەی خۆجێی شەنگال و لایەنە پەیوەندارەکان بەزوویی رێکاری یاسایی بگرنە بەرو کەسانی گێرە شێوێن و بەتایبەت ئەوانەی ئەم جۆرە کارەیان کردووە سزا بدات و، رێگە نەدات ئاشوب و کردەی تێکدەرانە لەنێوان پێکهاتەکان دروست ببێ و دواجار سەقامگیری ناوچەکە بکەوێتە مەترسی.
پێویستە هەموو پێکهاتەکان لەئاست پاراستنی پەیامی پێکەوەژیان بن و رێز لە یەکترو ئاشتەوایی بگرن و رێگە نەدەن کاری تێکدەرانە کاریگەری لەسەر ئارامی کوردستان و پەیوەندی نێوان پێکاتەکان دروست بکات، داواش دەکەین موسڵمانان بە وریایی و دوور لە ئاستی نزم و بێ زانیاری مامەڵە لەگەڵ رووداوەکان بکەن.

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

28ی4ی2023

*** یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا ئیدانەی ئەو سوکایەتیانە دەکات کە بەرامبەر گەورە زانایانی ئیسلام بڵاودەکرێنەوە**




ڕۆژی 20ی6ی2023 لە بەیاننامەیەکدا یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان ئیدانەی ئەو سوکایەتیانەی کردووە، کە ماوەیەکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و لەلایەن هەندێ کەسی بانگخواز بڵاو بوونەتەوەو هەستی هەزارەها موسڵمانیان بریندار کردووەو هێرش و بێڕێزی بەرامبەر پێشەوایانی ئیسلام تێدایە، هاوکات لە بەیاننامەکەدا یەکێتی زانایان داوا لە لایەنی پەیوەندیدار دەکات ڕێکاری پێویست بەرامبەر ئەو کەسانە بگیرێتە بەرو داواش لە زانایانی ئایینی دەکات خۆیان لە وڵامی نامەنتیقی بپارێزن، ئەمەی خوارەوە دەقی بەیاننامەکەیە:

**بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان**

لەچەند ڕۆژی ڕابردوو لەرێی وتاری هەینی و چەند گرتەیەکی ڤیدیۆیی لە لایەن چەند کەسێک گوایە خۆیان بەسەلەفی لەقەلەم داوە، هێرشی ناڕەوایان کردە سەر گەورە زانایانی ئیسلام و، سوکایەتی زۆریان بەرامبەر هەردوو ڕێڕەوو پەیڕەوانی ئیمامی ئەشعەری و ماتوریدی بەتایبەت ئیمام ئەبو حەسەنی ئەشعەری هەڵڕشت و پشێوی و نیگەرانی زۆریان لەناو ئەهلی ئیسلام و موسڵمانان دروست کرد.

ئێمە لە یەکێتی زانایانەوە بە توندی ئیدانەی ئەم جۆرە گوتارە نابەجێ و ئاڵۆزو نابەرپرسانە دەکەین، کە لەگەڵ بنەماکانی برایەتی و سلوکی دینداری یەکناگرێتەوەو، دواجار دەبێتە هەڕەشەو مەترسی بۆ سەر ڕەوشی دینداری و ئاشتی کۆمەڵایەتی و گوتاری ئایینی لە هەرێمی کوردستان.

بە هەموو شێوەیەک تەئکید لە برایەتی و ڕێزگرتن لە بۆچوونی گەورە زانایان و لەبەر چاوو گرتنی واقعی کورد لە پەیڕەوکردنی ڕێڕەوی مەزهەبی ئیمام ئەبو حەسەنی ئەشعەری دەکەینەوە، کە مەزهەبی زۆرینەی ئەهلی ئیسلامە بەدرێژایی پتر لە هەزار ساڵ، گەورە زانایانی کوردیش ئەو پارسەنگ و ڕێبازەیان پاراستووەو پەیڕەو کردووە، دەنگێگی نەشازو نابەرپرس بیەوێ پشێوی و سوکایەتی و بێڕێزی بەرامبەر ئەم ئاراستەیە بگرێتە بەر قابیلی قبوڵ نیەو، بەپلەی یەکەمیش بەرێوەبەرایەتی ئەوقافی ئیدارەی خۆجێی سلێمانی و لایەنی پەیوەندیدار نابێ ڕێگەو دەرفەت بەم جۆرە کارو هەنگاوانە بدەن، دواجار وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینیش بەرپرسیاری ئەم دۆخە دەبێت.




کوردستان قەت گرفتی ئایینی نەبووە، بەردەوامیش لەرێی خزمەت و میتۆدی فکری و فیقهی و تێگەیشتنی دروستی گەورە زانایانی ئیسلام؛ دینداری خۆی کردووەو پابەندی شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام بووە، لەم سۆنگەوە زانایانی ئایینی لە کوردستان بەردەوام لە چوارچێوەی ئەو ڕێڕەوە زانستیەی کە گەورە زانایانی ئیسلام بناغەیان بۆ داناوە خزمەتیان کردووەو، پەیامی ئیسلامیان وەک سەرچاوەی ڕەحمەت و میانڕەوی و مرۆڤدۆستی و یەکتر قبوڵکردن و برایەتی و پێکەوەژیان وەسف کردووە، بۆیە ناکرێ کەسێک لەولاوە بێت ئەم

سەرچاوەیە بكاتە كەرەستەی ئاشوب و فیتنە لە نێو موسڵمانان، چونكە هەموو لایەك وێڕای جیاوازی فیكری و فیقهی تا ئایینی و مەزەبیش، دەرفەتی كارو چالاكی خۆیان هەبووە، بەڵام قۆستنەوەی ئازادی وەكو دەفەرفەتێك بۆ سوكایەتی و بێڕێزیكردن قبوڵكراو نیە.

یەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی كوردستان خۆی بە خەمخۆرو مەرجەعی زانایانی ئایینی لە رووی هەرسێ ئاراستەی ئایینی و پیشەیی و نیشتمانی دەبینێتەوەو ئامانجی هەرە گەورەی خزمەتكردنی ئیسلام و پاراستنی عەقیدەی موسڵمانانە، بۆیە چیتر رێگە بەو دەنگە نەشازو جنێو و سوكایەتیانە نادات، كە هەر جارەو بەپاساوێک و لەژێر ناوی بانگخوازی و سێبەری لابەلا، هەستی موسڵمانان و زۆرینەی زانایانی ئایینی لەكوردستان بریندار دەكەن، لەهەوڵی بەردەوامیش دەبین بۆ گرتنەبەری رێكاری پێویست و دووبارە نەبوونەوەی ئەم بێڕێزیانە بەرامبەر رەمزەكانی ئیسلام و پێشەوایانی موسڵمانان، لەهەمان كات داواشمان لە زانایان ئەوەیە لەم جۆرە حاڵەتانە پێگەی خۆیان بپارێزن و دانەبەزنە ئاستی وڵامدانەوەی نامەنتیقی و نابەرپرسانە.

مەكتەبی تەنفیزی

یەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی كوردستان

2023 /6 /20

*** بە بۆنەی هاتنەوەی جەژنی قوربانی پیرۆز یەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی كوردستان لە پەیامێكدا پیرۆزبایی جەژنی قوربان لە موسڵمانان دەكات.**




بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

((ذَٰلِكَ وَمَنْ يُعَظِّمْ شَعَائِرَ اللَّهِ فَإِنَّهَا مِنْ تَقْوَى الْقُلُوبِ)) الحج: 32.


بەبۆنەی هاتنەوەی جەژنی قوربانی پیرۆز بەناوی یەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی كوردستان پیرۆزبابیەكی گەرم ئاراستەی تەواوی موسڵمانانی جیهان بە گشتیو كوردستان بەتایبەتی دەكەین، لە ناویشیانەوە پیرۆزبایی گەرمی خۆمان ئاراستەی مامۆستایانی ئایینی بەرێز دەكەین، هیوادارین ئەم جەژنە ببێتە مایەی خۆشبەختیو قبوڵبوونی نزاو پاڕانەوەكانو، ئاودانی دڵە تینووەكانو، هاتنەدی مانا راستەقینەكانی جەژنی قوربان لە ئازادیو بڵاوبوونەوەی خۆشەویستیو برایەتی، هەروەك پێویستە لەم رۆژە پیرۆزەدا هەموو هەوڵو تواناكان یەكخەین بۆ پێكەوەكاركردن لە پێناو وەلاوەنانی گرژیو ئاڵۆزیو ناخۆشی و ململانێكان و، پاراستنی برایەتیو ئاشتیو یەكڕیزی و تەبایی نێو ماڵی كورد.

جەژن واتە دەبڕینی خۆشی و بەجێگەیاندنی سیلەی روحم و گەردەن ئازایی و ئاشبوونەوە لەگەڵ یەكتری و بەشینەوەی خێرو شیرینی و بەرز راگرتنی دروشمی دینداری و ئەنجامدانی شوكرانەبژێری بەرامبەر نیعمەتەكانی خوای گەورە.

دووبارە جەژنی قوربان لە هەموو لایەك پیرۆز بێتو، خوای گەورە تاعەتو خواپەرستی هەموو لایەكمان قبوڵ بكاتو، حەجو دوعاو پاڕانەوەی حاجیەكانیشمان قبوڵ بكات و بەسەلامەت بگەڕێنەوە ناومان.

یەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی كوردستان

2023ی6ی27




*** یەکێتی زانایان بە توندی ئیدانەی سوتاندنی قورئان لە وڵاتی سوید دەکات**

لەسەر سوتاندنی قورئانی پیرۆز بەدەستی هاوڵاتیەک لە ولاتی سوید یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا بەتوندی ئیدانەی کردەکە دەکات، ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

بەناوی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستانەوە بە توندی ئیدانەی سوتاندنی قورئانی پیرۆز لەلایەن هاوڵاتیەکی عیراقی دانشتووی وڵاتی سوید دەکەین، ئەمە کارێکی تێکدەرانەو پێچەوانەی بنەماکانی ئازادی و رێزگرتنە لە یەکتری و پێکەوەژیان، بەتایبەت لەم رۆژە پیرۆزانەی جەژنی قوربان، ئەم کارە قێزەونە بریندارکردنی هەستی سەرجەم موسڵمانانەو بێڕێزییە بەرامبەر کتێبە ئاسمانیەکان، پێویستە لە ئاستی باڵا لایەنی پەیوەندیدار ئیجرائاتی پێویست ئەنجام بدات، چونکە بێڕێزی کردن بەرامبەر پیرۆزییەکان هیچ پاساوێک هەڵناگریت و هێڵی سوورەو نابێ بەهیچ شێوەیەک رێگەی پێ بدرێت.

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

29ی6ی2023




*** بەبۆنەی هاتنەوەی سەری ساڵی نوێی کۆچی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی موسڵمانان دەکات.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

بە بۆنەی هاتنەوەی 1ی موحەرەمی 1445هیجری سەری ساڵی کۆچی پڕ بەدڵ پیرۆزبایی لە تەواوی موسڵمانان بەگشتی و موسڵمانانی کورد بەتایبەتی دەکەین، بەئومیدی ئەوەی ساڵی تازە ببێتە هاندەرێک بۆ زیاتر گیان بەبەرداکردنی هەستی دینداری و بەخۆداچوونەوەو هەنگاونان بەرەو چاکەکاری و مرۆڤدۆستی.

رووداوی کۆچ وەرچەرخانێکی گرنگی مێژووی مرۆڤایەتی بوو لە پێناو پابەندی ئیمانی و بەجێگەیاندنی فەرمانی خواو پارێزراوی عەقیدەو سەرخستنی رێی خواناسی و عەداڵەت.

کۆچی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) لە مەککەی پیرۆز بۆ مەدینە ئەوەمان بیر دەخاتەوە، کە پێویستە خۆشەویستی سەروەرمان بکەینە بناغەی هەنگاونان و بایەخی تەواو بە دینداری و مزگەوت و برایەتی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە بدەین و، هەستی خۆشەویستی خاک و نیشتمان لەبەر چاوو بگرین، هەروەها نابێ هیچ کات رەشبین و نائومێد بین، بەڵکو بە پشت بەست بەخواو گرتنەبەری رێکارە پێویستەکان هەمیشە مەشخەڵی سەرکەوتن بە نزیک ببینین.

کۆچ لە مێژووی موسڵمانان روداوێکی گەورەو پڕ وانەیە، هێمای رزگاربوونە لە زوڵم و قۆناغێکی نوێی دامەزراندنی دەوڵەت و ئیدارەدان و دەرکردنی دەستوورو یاساو پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەییە، بۆ یەکەمجار لە دەستوورێکی نووسراودا ئەرك و مافی هەموو پێکهاتە جیاوازەکان دیاریکران، لە هەمان کاتدا بناغەی دامەزراندنی کۆمەڵگایەك بوو لەسەر بنەمای دادپەروەری و دڵسۆزی و برایەتی و راستگۆیی و هەماهەنگی.

دووبارە پیرۆزبایی لە هەموو لایەک دەکەین، درووود بۆ گیانی پاکی پایەبەرزی پێغەمبەرو یاوەرانی کە بوونە سەرمەشقی کۆچ و وەرچەرخانی مێژووی موسڵمانان..

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

18ی تەموزی 2023ز

* رۆژی 14ی8ی2023 یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان لە لە نوسراوێکی تازەو تایبەتدا بەژمارە (758) بەمەبەستی خزمەتکردن و پەرۆشی بۆ مامۆستایانی ئایینی دانەمەزراو، داوا لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەکات مامۆستایانی ئایینی خۆبەش بە هەمیشەیی یان گرێبەست دابمەزرێنێت، ئەمەش وەک پاڵپشتی و تەئکیدکردنەوەی لە نوسراوی پێشتر کە لە سەرەتای ساڵەوە ئاراستەی حکومەت کرا.




*** یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان پەیامێک لەسەر دۆخی شاری کەرکوک بڵاو دەکاتەوە**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

لە ماوەی چەند رۆژی ڕابردوودا بەهۆی گرتنی رێگای کەرکوک هەولێر، ژیان و هاتوچۆی هاووڵاتیان ئاستەنگ و پشێوی تێکەوت و نارامی کەوتە ناو شاری کەرکوک، جێگە داخیشە هێزە ئەمنیەکان و پۆلیسی کەرکوک هیچ کاردانەوەیەکیان لەبەرانبەر داخستنی ڕێگای هەولێر کەرکوک نەبوو. ئەو ڕێگەگرتن و نانەوەی پشێوی بووە هۆی نارەزایەتی و خۆپێشاندانی هاووڵاتیانی کوردی کەرکوک، کە بە داخەوە بە توندوتیژی و گوللە وەڵامدرانەوە و ژمارەیەک رۆڵەی کورد بوونە قوربانی و نیگەرانی لای هەموو لایەک دروست کردووە.

ئەوەی ئێستا دەگوزەرێ ئاماژەیەکی ترسناکە بۆ سەر رەوشی ئەمنی شارەکەو هاوڵاتیانی کورد بەتایبەتی، کار دەکاتە سەر پێکەوەژیانی برایانەو ئاستی پەیوەندی نێوان لایەنەکان.

چارەسەری کێشەکانی کەرکوک وەک شارێکی کوردستانی لە چوارچێوەی دەستوورو یاسا دیاریکراوە، ناکرێ لە پەنای رەوشی ناجێگیری شارەکەو ئەجێندای سیاسی چەند لایەنێک و دەستی دەرەکی و پاساوی نەخوازراو مامەڵە لەگەڵ کەرکوک و کەرکوکیەکان بکرێت و خوێنی رۆڵەکانی بەناهەق برژێت..

ئێمە لە یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستانەوە وێرای ئیدانەکردنی هێرش و تەقەکردن لە هاوڵاتیان و شەهیدکردنی رۆڵەکانی کورد، بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەم جۆرە توندوتیژی و ئاژاوە تائیفیانە نین، کە ئامانجیەتی خۆسەپێنی و زەبرو هێز بکاتە سەنگی مەحەک، داوا لە حکومەتی عیراق و لایەنی بەرپرس لە شارەکە دەکەین بەزووترین کات سنوورێک بۆ جیاکاری و خۆسەپاندن و هەوڵە شەڕئامێزەکان دابنێن و، بگەڕێنەوە بۆ بەرژەوەندیی خەڵکی کەرکوک و ڕێگەی گفتوگۆو یاسایی کە دەستوری هەمیشەیی عیراقە.

هەروەها داواش لە حزب و لایەنە کوردییەکان دەکەین لەپێناو دۆزی نەتەوەیی و چارەنووسی کەرکوک تەباو یەک هەڵوێست بن و بەرژەوەندییە باڵاکان و هەستیاریی دۆخەکە لەبەر چاو بگرن..

هەروەک چاوەڕێ دەکەین لە زانایانی کوردو پێکهاتەکانی تر و تەواوی دامەزراوەی ئایینی لە کەرکوک کار لەسەر هێورکردنەوەی دۆخەکە بکەن و پەیامی برایەتی و تەبایی و بەرپرسانەی خۆیان بگەیەنن..

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

٣ / ئەیلول/ ٢٠٢٣

*** بە بۆنەی 53 ساڵەی دامەزراندنیەوە یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بەیاننامەیەک بڵاو دەکاتەوە**




بە بۆنەی هاتنەوەی ساڵیادی 53 ساڵەی دامەزراندنیەوە، یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بەیاننامەیەکی گرنگ و تایبەت بڵاو دەکاتەوەو تەئکید لە بەردەوامی کارکردن لەسەر ئەو ئامانجانە دەکاتەوە کە لە پێناوی دامەزراوە، ئەمەی خوارەوە دەقی بەیاننامەکەیە:

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

((وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا وَاذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ)) آل عمران:103.

بەبۆنەی تێپەڕبوونی 53 ساڵ بەسەر دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان؛ پیرۆزباییەکی گەرم لەخۆمان و سەرجەم زانایانی بەڕێزی ئایینی لە کوردستان و گەلی کورد بەگشتی دەکەین.

یەکێتی زانایان وەك رێکخراوێکی پیشەیی لە 1970/9/21 لە پێناو خزمەتی ئیسلام و دۆزی رەوای گەلەکەمان و خزمەتی زانایانی ئایینی و کۆمەڵێک ئامانجی گرنگ لە شارۆچکەی گەلاڵەی باڵەکایەتی، لەژێر ئالای کوردستان و لەسەر راسپاردەو سەرپەرشتی راستەوخۆی سەرکردەی نەتەوەیی مەلا مستەفای بارزانی دامەزراوە.

هەر بەم بۆنەوە بەڵێن بە مامۆستایانی ئایینیو هاوولاتیانی خۆشەویستمان دەدەین، بەردەوام دەبین لەسەر هەمان ئەو ئامانجانەی لە سەرەتاوە یەکێتی زانایان لەسەری دامەزرا، کە خۆی دەبینێتەوە لە وەدیهێنانی مافە رەواکانی مامۆستایانی ئایینیو پاراستنی بەهاو بنەما ئایینیەکانی گەلەکەمانو، قوڵکردنەوەی هەستی دینداری لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگاو پشتیوانیکردن لە مافە نەتەوەییو نیشتیمانییەکانی گەلەکەمان، کە سوپاس بۆ خواو هەوڵی زانایان؛ تا ئەندازەیەکی زۆر توانیومانە بە ئەرکی خۆمان هەڵبستین و ئامانجەکانمان بێنینە دی، جەختیش دەکەینەوە لەبەرچاوگرتنی گوزەرانی خەڵک و زانایانی ئایینی و دامەزراندنی مامۆستایانی خۆبەخش پێویستەو ئومێدمان وایە هەوڵەکان بە ئەنجام بگەن.

لەم ساڵیادە تەئکید لە پەیامی دینداری و میانڕەوی و پێکەوەژیان و بەردەوامی لەسەر رێبازی گەورە زانایانی ئیسلام و زانایانی کورد لەرووی مەزهەبی و عەقیدەیی دەکەینەوەو جارێکی تریش پاڵپشتی خۆمان بۆ بە فەرمی ناساندنی مەزهەبی ئیمامی شافیعی دووپات دەکەینەوە، دڵنیایی دەدەینە هەموو لایەک داکۆکیکارو پارێزەری هێڵە گشتیەکانی خزمەت بە ئیسلام و رێبازی زانایان و بەها باڵاو کۆمەڵایەتیەکانی گەلەکەمان دەبین.

لەکاتێکدا ئێمە ئەم یادە دەکەینەوە هەرێمەکەمان بە قۆناغێکی هەستیار تێپەڕ دەبێت، کە پێویستە هەمووان بەرپرسانە مامەڵە بکەن و ناکۆکیەکان و بەرژەوەندییە حزبی و کەسیەکان وەلاوە بنێن و، ڕەچاوی برایەتی نێو خۆیی بەرژەوەندی گشتی و یەکهەڵوێستی نیشتمانی بەرووی دەرەوە بکەین.

دووبارە ئەم یادە لە هەموو لایەك پیرۆز دەکەین و رۆڵی یەکە یەکەی زانایانی قەدرگران لەمەیدانی ئایینی و پیشەیی بەرز دەنرخێنین و سوپاسی ئەرک و ماندووبوونیان دەکەین، هیوای ئایندەیەکی باشو پڕ لە ئاشتی و برایەتی بۆ کوردو کوردستان دەخوازین، خوای گەورە پشتیوان بێت.

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

20ی9ی2023

*** یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بە بۆنەی مانگی مەولودو لەدایکبوونی پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت) بەیاننامەیەک بڵاو دەکاتەوە**

بە بۆنەی ساڵوەگەڕو یادی پڕ شکۆو شانازی لەدایکبوونی پێغەمبەری سەروەر حەزرەتی محمد (درودی خوای لەسەر بێت) یەکێتی زانایانی ئایینی بەیاننامەیەک بڵاو دەکاتەوە، ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ
(لَقَدْ جَاءَكُمْ رَسُولٌ مِنْ أَنْفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُمْ بِالْمُؤْمِنِينَ رَءُوفٌ رَحِيمٌ) سورة التوبه:128

بەبۆنەی هاتنەوەی مانگی مەولوودو یادی شکۆداری لەدایکبوونی پێغەمبەری ئازیزمان ( محمد المصطفى- درودی خوای لەسەر بێت)، پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی سەرجەم موسڵمانان بەگشتیو کوردستانیان بە تایبەتی و زانایانی میراتگری رسول الله دەکەین، هەزاران درودو سڵاویش بۆ گیانی پاکی پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت) دەنێرین، کە وەک رەحمەت بۆ هەموو جیهان نێردراو وەرچەرخانێکی گەورەی مێژوویی بۆ مرۆڤایەتی هێنایە کایەوە.




ئەم یادە تایبەتمەندی خۆی هەیە لای گەلی کوردی موسڵمان، بۆیە ساڵانە لەگەڵ هاتنەوەی ئەم مانگە خەڵك بەجۆشو خرۆشەوە، بەمەراسیم و ئاهەنگو خوێندنەوەی مەولودو سەڵەوات و ئەنجامدانی خێرو بەخشینەوەی شیرینی پێشوازی ئەم یادە دەکەن، ئەمەش نیشانەی خۆشەویستی و وەفاداری و پابەندی و پێگەی ئەو زاتە پیشان دەدات لەناو میللەتی کوردا.

گرنگە وەك ئەرکێکی ئیسلامی و ئینسانی هەوڵی جێبەجێ کردنی فەرمایشتەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بدەین و، بە تێگەیشتنی دروست و زانستی زیاتر پەیامەکانی ئەو زاتە بۆ خەڵك شیبکەینەوەو، لێبوردەییو پەیامی میانڕەوی و بەخشندەیی ئیسلامو پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) پیشانی مرۆڤایەتی و جیهان بدەین، لەهەمان کات بنەمای چاکسازی و دیالۆک و دادپەروەری و ئاشتی پێکەوەژیان و گیانی برایەتی و تەبایی زیاتر پەرە پێ بدەین.

دووبارە پیرۆز بێت یادی فەخری کائینات حەزرەتی رسول الله – درودی خوای لێ بێت- خوای گەورە بیکاتە مایەی خێر بۆ گشت مرۆڤایەتی و بەتایبەتی کوردو کوردستان.

مەکتەبی تەنفیزی
یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان
26ی9ی2023

## * یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان پەیامێک لەسەر دۆخی فەڵەستین بڵاو دەکاتەوە






لەسەر شەڕو ئاڵۆزییەکانی نێوان فەڵەستین و ئیسرائیل، یەکێتی زانایان پەیامێک بڵاو دەکاتەوە، ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

وەک ئەرکێکی ئایینی و ئینسانی تەواوی نیگەرانی خۆمان دەردەبڕین سەبارەت بەو پەرەسەندنە مەترسیدارو خوێناوییەی لە نێوان ئیسرائیل و کەرتی غەززە لەفەڵەستین لەئارادایە، بە توندی ئیدانەی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بەتایبەت بە ئامانج گرتنی خەڵکی سیڤیل و ژن و منداڵ و ئەو وێرانکارییە دەکەین، کە هەموو سنورێکیان بەزاندو تەنانەت دەستیان لە هێرشکردنە سەر نەخۆشخانەو کۆمەڵکوژی هاوڵاتیانی بێ تاوان نەپاراستووە، ئەمە پێچەوانەی هەموو رێسا ئاسمانی و مافەکانی مرۆڤ و یاسا نێودەوڵەتیەکانەو تاوانێکی ئێجگار گەورەیە.

ئێمە هەر لەسەرەتاوە بە پەرۆشییەوە بەدواداچوون بۆ ئەو دۆخە نالەبارە دەکەین و هاوسۆزو هاوخەمی قەزیەی فەڵەستین و قودسی پیرۆزین.

بەڵام باشیش دەزانین توندوتیژی و شەڕو وێرانکاری و خوێنڕشتن گرفتەکان قوولتر دەکەن و چارەسەری کێشەکانیش زەحمەتتر دەبن. لێرەدا دەخوازین لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەجددی بێنە سەرهێڵ و سنوورێک بۆ ئەم پێشێلکاریانە دابنێت و ئەو وێرانکاری و کۆمەڵکوژی و تاوانانە بە زووترین کات ڕابگیرێت.

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

18ی10ی2023







*** یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا بەتوندی ئیدانەی سوکایەتیکردن بە فەخری کوردستان و عیراق (مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس) دەکات**




بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان
(أَلَا إِنَّ أَوْلِيَاءَ اللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ) سوره یونس: 62.

دوای بڵاوبوونەوەی گرتەیەکی ڤیدیۆیی کە تێیدا ڕاشکاوانە (مەهدی سومەیدەعی) هێرش دەکاتە سەر یەکێ لە شانازییەکانی زانایانی کوردستان و عیراق و جیهانی ئیسلامی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس_ خوا دەرەجاتی عالی بکات- و سوکایەتی بە پێگەو پیشەو کەسایەتی و هەڵوێست و مێژووە پڕ لە شکۆمەندییەکەی دەکات.

ئێمە لە یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستانەوە زۆر بە توندی ئیدانەی ئەو سوکایەتیە دەکەین، کە نەک تەنها سوکایەتیە بە کەسایەتی پایەبڵندی مەرحومی مامۆستای مودەریس، بەڵکو سوکایەتی و برینداركردنی هەستی سەرجەم زانایانی کوردو عیراق و ناوچەکەیە.

مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس کەسایەتیەکی بلیمەت و ناوازەو هەڵکەوتووی جیهانی ئیسلامی و سیمبول و جێی شانازی گەلی کوردو زانایانی کوردستانەو، بە کۆدەنگی زانایانی سەردەمی خۆی عەللامەو پێشەواو موجتەهیدو هەڵکەوتووی نێو زانایانی عیراق بووە، هەر ئەمەش وای کردووە ببێتە موفتی عیراق و خزمەت و هەنگاوەکانی ببنە مایەی شانازی بۆ هەتا هەتایە، سەرباری ئەوەی خەرمانی بەرهەم و نووسین و فەتواو کۆششە زانستیەکانی ئەم کەڵە زانایە گەواهیدەری پاکی و پایەداری و سەرمەشقی و پێشەنگی ئەم زاتە مەزنەن.

ئێمە چاوەڕوان بووین (مەهدی سومەیدەعی) بابەتی مافە دەستووری و یاسایی و شایستە داراییەکانی کوردستان ڕووبەڕووی حکومەتی ناوەندی بکات و، پێگەی فەتوا لە ئاست ئەو چاوەڕوانیە بەکار بێنێت، کە هەموو زانایانی عیراق خوازیاری بوون، نەک ناوو پێگەو لێدوانی خۆی بۆ سوکایەتی بەرامبەر فەخری عیراق و کوردستان شێخ عەبدولکەرمی بیارە بەکار بهێنێت.

بۆیە بەناوی زانایانی کوردستانەوە داوا لە لایەنی پەیوەندیدارو دامەزراوەی یاسایی دەکەین، بە زوویی ڕێکاری پێویست بەرامبەر ئەو کەسە بگرنە بەرو، ڕێگە نەدەن هیچ کەس و لایەنێک سوکایەتی بەرامبەر ڕەمزو سیمبولە ئایینیەکان بکات.


زاگروس
اتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان يدين إساءة مفتي الجمهورية للعلّامة الكوردي عبدالكريم المدرس
Zagros TV
15:33 م
زاكروس - أربيل
أعلن اتحاد علماء الدين الإسلامي في إقليم كوردستان، اليوم الخميس (28 كانون الأول 2023)، إدانته الشديدة لقيام مفتي العراق، مهدي الصميدعي بالإساءة والانتقاص من العالم الكوردي البارز، مفتي الجمهورية الأسبق، الشيخ عبدالكريم المدرس بيارة، داعياً الجهات ذات الصلة والمؤسسات القانونية إلى اتخاذ الإجراءات اللازمة بحق الصميدعي بأقرب وقت، وأن لا تسمح لأي شخص أو طرف بالإساءة للرموز الدينية.
وقال المكتب التنفيذي لاتحاد العلماء في بيان: "تم تداول مقطع فيديو، يهاجم فيه مهدي الصميدعي بصراحة، أحد علماء كوردستان والعراق والعالم الإسلامي،
المزيد من الأخبار
طهران توقع قيادياً في الحرس الثوري قُتل بضربة إسرائيلية...
مسلح ملثم يطلق النار داخل سوق في كركوك ويردي ...
توقعات بحلول أكثر من 200 ألف سائح إلى إقليم كوردست...
فصيل عراقي يتبنى هجوماً بطائرة مسيّرة في مرتفعات...



**مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئیسلامی**

**28ی12ی2023**
**هەولێر - کوردستان**

# لەرووی راگەیاندن و رۆشنبیری و میدیایی

راگەیاندنی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان وەك بەشێکی گرنگ و کارا بەردەوام هەوڵی داوە، ببێتە ئاوێنەی کارو چالاکیەکانی یەکێتی زانایان لەسەرتا سەری کوردستان، ئامانجی سەرەکی خزمەتکردنی زانایانی ئایینی و گەیاندنی پەیامەکانیان بووە بە کۆمەڵگە، واتە پردی پەیوەندی نێوان ئیسلامپەروەری و نەتەوەپەروەری بووە، بە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریو پەیامی میانڕەیو فەتواو بابەتو دیمانەو بایەخدان بە سۆشیال میدیا خزمەتی کردووە، هەوڵی داوە لە رێی ماڵپەڕی فەرمی یەکێتی زانایان و پەیجی (زانایان میدیا) لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ببێتە ئاوێنەی گەیاندنی چالاکیەکان و رووماڵی هەواڵو چالاکیەکانی مەکتەبی تەنفیزی و سەرجەم لقەکانی یەکێتی زانایان لە کوردستان.

هەروەها بەردەوام لەرێی بڵاوکردنەوەی پۆستەری میدیایی و گەیاندنی پەیام و هەڵوێستەکانی مەکتەبی تەنفیزی لەسەر دۆخ و پرسە ئایینیو نیشتمانی و پیشەییەکان هەوڵی داوە لەکات و دەرفەتی خۆی لەئاست قۆناغەکە بێت، بۆ ئەوەی رای گشتی بزانێت یەکێتی زانایان وەك رێکخراوێکی پیشەیی ئاگاداری دۆخەکانەو خاوەن هەڵوێست و تایبەتمەندی خۆیەتی.

لە ماڵپەڕی فەرمی (زانایان) بە بەردەوامی چالاکیو بابەتی جۆراوجۆری ئایینیو رۆشنبیریو کۆمەڵایەتی بڵاوکراونەتەوە، ئەمە وێڕای بڵاوکردنەوەی فەتواو بەیاننامەو هەواڵی گرنگو پەیوەست بەرەوشی ئایینی لە کوردستان.

هەروەها لەرێی رادیۆی (زانایان)ەوە بە بەردەوامی و لە چەندین بەرنامەی جۆراوجۆری ئایینی و هۆشیاری و رۆشنبیری خزمەتی بە کۆمەڵگە و بیسەران کردووەو هەر بەرنامە بە سەدان ئەلقەی لێ تۆمارو پەخش کراوە.

ماوە ماوەش لە رێی سیمینارو پانێڵ و خولی جۆراوجۆر یەکێتی زانایان هەوڵی داوە لەسەر پرس و بابەتە گەرم و هاوچەرخەکان چالاکی تایبەت ئەنجام بدات و ژمارەیەکی بەرچاو لە زانایانی ئایینی بەشداری پێ بکات.









بسم الله الرحمن الرحيم
(( يَا أَيَّتُهَا النَّفْسُ الْمُطْمَئِنَّةُ ارْجِعِي إِلَى رَبِّكِ رَاضِيَةً مَرْضِيَّةً ))
یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان
بە ئامانجی گرنگیدان بە رێبازی زانایان و بەرزنرخاندنی خزمەت و هەڵوێستەکانیان
لە ساڵیادی شەهیدبوونی زانای پایەبەرزو ئایینپەوەرو نیشتماندۆست
(( مامۆستا مەلا عبداللە پەلپیتانی ))
یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان مەراسیمێکی وەفاداری و یادەوەری ساز دەکات
بەهاتنتان خۆشحاڵ دەبین
رۆژو کات: چوار شەممە 11ی بەیانی
بەروار: 1-2-2023
شوێن: مزگەوتی سەواف- هۆڵی شەهید مەلا عبداللە پەلپیتانی
راگەیاندنی
یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان
www.zanayan.org
1ی شوبات










حكـومة إقـلـيم كـوردستان/ العـراق
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
جامعة دهوك/ كلية التربية / ئاكرێ
قسم التربية الإسلامية / المسائي

الدكتور ملا عبدالله الإمام حياته وجهوده العلمية والمهنية

بحث مقدم إلى قسم التربية الإسلامية/ كلية التربية في عقره كجزء من متطلبات نيل شهادة

البكالوريوس في التربية الإسلامية

إعـداد الطالبين

إبـراهيم رمـضـان إسـمـاعيـل
عبدالخالق إبراهيم عبدالله

بإشراف الدكتور
منيب محمد أحمد الإمام


١٤٤٤هـ ٢٧٢٣ك ٢٠٢٣م











*** رۆژی 4ی2ی2023 ساڵیادی دامەزراندنی رادیۆیی (دەنگی زانایان)ە، بە بۆنەوە راگەیاندنی یەکێتی زانایان پەیامێک بڵاو دەکاتەوە، ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

(( إِنْ أُرِيدُ إِلَّا الْإِصْلَاحَ مَا اسْتَطَعْتُ وَمَا تَوْفِيقِي إِلَّا بِاللَّهِ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ أُنِيبُ)) هود:88.

بە بۆنەی هاتنەوەی ساڵیادی دامەزراندنی رادیۆی (دەنگی زانایان) پیرۆزبایی گەرممان ئاراستەی سەرجەم بیسەران و هەوادارانی رادیۆکەمان دەکەین و سوپاس و دەستخۆشی زۆرمان بۆ هەموو ئەوانەی هاوکارو پشتیوان بوونە بۆ دەنگی زانایان، بەتایبەت ئەو پێشکەشکارو میوانانەی بە بەرنامەی نایاب و زانیاری جۆراوجۆر خزمەتیان پێشکەش کردووە.

ئەوەی مایەی شانازییە هەمیشە یەکێتی زانایان وەک نوێنەرایەتی راستەقینەی زانایانی ئایینی کوردستان، لە چوارچێوەی پەیامی میانڕەوی و هەستی ئایینی و نەتەوەیی، وە گرنگیدان بە پێکەوەژیان و سەقامگیری کۆمەڵگەو ئاشتی کۆمەڵایەتی خزمەتی کردووەو دەکات.

جارێکی تر لەم ساڵیادە رایدەگەیێنین بە گوڕو تینەوە لە چوارچێوەی شەریعەت و پەیامی رەسەنی زانایانی ئایینی، کە خۆی لە خزمەتی خواو خاک و خەڵک دەبینێتەوە، بەردەوام دەبین و هەمیشە بایەخ بە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ئایینی و بنەماکانی ئاشتی و بەها باڵاکانی کۆمەڵگەو هەستی ئاینپەروەری و نیشتمان دۆستی دەدەین.

تکامان وایە خوای گەورە لە پاداشتی ئەو ئەرکە بێ بەشمان نەکات و ئەوانەش شادومان بکات کە بیسەری بەردەوامی رادیۆکەمانن، جارێکی تر ئەم سالیادە پیرۆز دەکەین و هیوای سەرکەوتن بۆ هەموو لایەک دەخوازین.

راگەیاندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

4ی2ی2023


















گوڵان

# کردنەوەی زانکۆیەکی ئیسلامی لە کوردستان هەنگاوێکی گرنگە

مەلا عەبدوڵڵا شێخ کاوەیی

بۆ گوڵان

ماوەیەکی زۆر خواستی زۆربەی زانایانی ئایینی ئەوە بوو کە بە شێوەیەکی هاوچەرخ و میکانیزمێکی گونجاو، پەرە بە بواری مەعریفەی ئایینی و خوێندنی ئیسلامیی ئەکادیمی لە کوردستان بدرێت، بۆ ئەم مەبەستە لە زۆربەی کۆڕ و کۆنفرانس و بۆنە ئایینییەکاندا وەك پێشنیار و پێویستی و چارەسەر، ئەم پرسە دەخرایە ڕوو.

